YADNAMA
# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر

سەرکەوتی جیهاز

دەستەی نوسەران

بەختیار شارەزوری

ڕەووف محەمەد ئالانی

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.

یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

ژمارەی ٧٤ی تەموز ٢٠٢٥ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.74.July.2025


## گەڕانەوە بۆ ناوەند

**یادنامە**

بەگشتی سیاسەتی سۆپەرپاوەرەکان ( ڕوسیا ، ئەمریکا ، چین ) بە پێی ڕێککەوتنیان چوتە قۆناغێکی نوێوە ، بەرژەوەندی یەکتر دەپارێزن و کارت بەکارت دەکەن ، فۆرمی نوێی کارکردنیان بۆ ئەو وڵاتانەی کە دژی بەرژەوەندی هەر یەکێکیانن لەم سۆپەرپاوەرانە کار لەسەر ( دەوڵەت ) دەکەن و بچوکی دەکەنەوە بۆ ناو بازنەی بەرژەوەندی خۆیان و پشت نە بە ئۆپۆزسیۆن دەبەستن نە بەو وڵاتانەی دراوسێی دەوڵەتی دژە ، ئەم فۆرمە لەسەرەتای جەنگی ئۆکرانیاوە دەستی پێکردوە ، کە ڕوسیا هیچ پشتی بە ئۆپۆزسیۆن یان هێزێکی دژ لەناو ئۆکرانیا نەبەست و وە پشتی هەتا بە بلاڕوسیا نەبەست و ڕوس خۆی هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا و ئەمریکا وچین بێ دەنگ بون ، ئەمەش بۆ ئێران هەر ڕاستە کە پشت نە بە ئۆپۆزسیۆن بەسترا نە وڵاتێکی دراوسێی کە دەتوانرا یەکێ لەو وڵاتە دراوسێکانی ئێران دژی بجولێنرایە بە تایبەت ئەفغان ، یان پشت بە ئۆپۆزسیۆنێک ببەسترایە بەڵام خۆیان دەوڵەتیان ناچار کرد بە ڕێککەوتن و چین و ڕوس بێدەنگ بوون ، ئەڵبەت خولی سێهەم تایوانە و چین هەمان کار دەکات و ڕوس و ئەمریکا بێدەنگ دەبن ، لەم ڕوانگەیەوە بۆکورد گەڕانەوەکان بۆ ناوەند بەناچاری و بە حکومی ئەم فۆرمە لە سیاسەتی سۆپەرپاوەرەکان بە ئاشکرا دەبینرێت ، پەکەکە بەرەو ئەنقەرە ، قەسەدە بەرەو دیمەشق ، هەولێر بەرەو بەغداد و کوردی ڕۆژهەڵاتیش دەبێت بچێتەوە ناوەند.




## نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ و ڕێڕەوی داود و ئایینی ئیبراهیمی

**یادنامە**

ئەوەی لەسەر باڵادەستی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت لەسەر پشتی ئەمریکا ، بێ گڵۆپی سەوزی چین و ڕووس ناتوانێت هەنگاو بنێ ، ئەگەر چی مێژووییەکە کاری لەسەر دەکرێت بەڵام بێ لێکدانەوەی دژەکان و بەربەستەکان ناتوانین بگەینە ڕوونکردنەوەیەکی تەواو بە تایبەت هەلقەگرێدراوەکان بە یەکترەوە ، واتا دینی ئیبراهیمی و زەوی هەر لە غەززەوە تا جبل شێخ و دواتر ڕێڕەوەی ئاوی ، خۆ ئەگەر نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتی بێت لە باڵادەستی ئیسرائیل ئەوا بێ ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا و ئێران و لە باڵاتردا چین و ڕووس و بەتایبەت ڕێگای ئاورشمی ناتوانرێت هیچ بکرێت ، خۆ ئەگەر گێمی دوهەمی جەنگی ئیسرائیل ڕوو لە تورکیا بێت ئەوا ئەوەی لە ئێراندا ڕوویدا زەحمەتە بە هەمان فۆرمی جەنگ لەگەڵ تورکیا ڕوبدات ، تورکەکان خۆشیان ئەو ڕاستییە دەزانن و لە کاتی جەنگی ئێراندا خۆیان گوتیان دوای ئێران سەرەی جەنگی تورکیایە ، هەر بۆیە تورکیا بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم ململانێیە لەگەڵ ئیسرائیل ڕێککەوتن لەگەڵ پەکەکە دەکات و دەیەوێت لەگەڵ قەسەدەش ڕێککبکەوێت و ئێرانیش بخاتە ناو بازنەی دۆستی خۆیەوە و لەگەڵ ئەمریکاش لە ڕێگەی جۆلانییەوە ڕێک بکەوێت ڕێڕەوی گەشەپێدان هیچ زیانێکی بۆ ڕێڕەوی داود نەبێت و لەگەڵ دینی ئیبراهیمی هیچ کێشەیەکی نەبێت تا خۆی بپارێزێ لەجەنگ لەگەڵ ئیسرائیل دواجار بەرژەوەندی تورکیا و ئیسرائیل گەورەترە لەو ناکۆکیانەی بۆیان دروست دەبێت و مەحکومن بە ڕێککەوتن ، لێرەوە پرۆژەی نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرۆژەیەکی ئاڵۆزە و پڕ لە ململانێی ناوچەیی و جیهانییە.





هەڕەشەو هەڕوگیف لەسیاسەتدا ... ل٢

دەربارەی کوردو جولەکە ... ل٧

ئاویلکەدانی خەونەکانی نەتەوەیەکسەدەی بیست و یەك چیتر سەدەی کورد نەما ... ل٣

چیرۆکی عیشـــقێکی نامـــۆ ... ل٨

بیرەوەری ویادەوەریە،تاڵ و ناخۆشەکانی ڕۆژە تووشەکانی گوندی شاناخسێ ... ل١٠

چیرۆکی زەمبیل (زەنبیل) فرۆش ... ل٤

بەڵای گەندەڵی ... ل١١

شارێکی 3500 ساڵی لە باکووری پیرۆ دۆزرایەوە ... ل٥

دۆرۆتی ستریت لە چوار ساڵیدا لە گیتس تۆمارکرا ... ل١٢

دیداری شەوانی ئەستێرە ... ل٦

پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پەروەردە ... ل١٣

# هەڕەشەو هەڕوگیڤ لەسیاسەتدا



د. کامەران مەنتك

هەڕەشەکردن لە سیاسەتدا ئامرازێکە بۆ سەنگراندنەوە (الردع)، واتە هۆکارێکە بۆئەوەی وال ە کەسێك یاخود هێزێك بکەی، کارێك بکات، کە نایەوێ بیکات، یاخود کارێك نەکات، کە دەیەوێ بیکات، بە واتایەکی تر لەرێگەی هەڕەشەوە وا لەرکابەرەکەت، یاخود ناچاری بکەیت، کە بەو شێوەیە بجوولێتەوە، کە تۆ دەتەوێت نەك خۆی، ئەمەش بەشێوەیەك لەشێوەکان کۆنترۆڵکردن و ئاڕاستەکردنی ئیرادەی بەرامبەر دەگەیەنێت، دیارە لەمەشدا بڕی ئەو هێزەی لەبەردەستدایەو ئەو هاوسەنگی هێزەی لەئارادایە رۆڵی خۆی دەبینێت.
هەڕەشەکردن بە هەواو هەوەس و میزاجی کەسی بەڕێوە ناچێت و چەند مەرجێکی گرنگی هەیە، لەوانە دەبێت لەکاتی هەڕەشەکردنی چەند مەرجێك لەکەسی هەڕەشەکەر، یاخود ئەو هێزو لایەنانەی هەڕەشەکە دەکات هەبێت، رەنگ بێت لەپێشەوەی هەموو مەرجەکان ئەوە بێت، کەبگونجێت لەگەڵ پێگەی کەسەکە یاخود لەنێو ئەو مەنزومەیەی تیایدا دەژیت، یاخود دەبێت ئەو هێزەی لەبەردەستدا بێت کاتێك وەڵامی هەڕەشەکە نەدرایەوە، بتوانێت هەڕەشەکە جێبەجێبکات و ئەو کارە ئەنجام بدات، کە هەڕەشەی بە ئەنجامدانی کردووە، بۆیە هەرکاتێك هەڕەشەکان لەگەڵ ئەو هێزەی لەبەردەستی هەڕەشەکەردا هەیە نەگونجێت، ئەوە ئەو خۆگیڤکردنەوانەی دەکرێت ناکەوێتە خانەی هەڕەشەوە، بەڵکو دەکەوێتە خانەی نەزانی و تێنەگەیشتن لەسیاسەتەوە، بۆیە دەبینین ئەوانەی لە سیاسەت تێناگەن، زوو زوو هەڕەشە دەکەن و دواتریش پێویستیان بەکات و کارێکی زۆر دەبێت بۆئەوەی خۆیان لە هەڕەشەکانیان بدزنەوە، ئەمەش لەکۆتایدا دەبێتە چرووك بوون و متمتانە لەدەستدانیان، هەمیشە ئەوانەی زۆر هەڕەشە دەکەن و ناتوانن هەڕەشەکانیان جێبەجێبکەن.
بەهای هەڕەشەکان بەهایەکی چەسپاو نییەو بە تێپەڕینی کات گۆڕانکاری بەسەر دادێت، ئەگەر لە قۆناغی سەرەتایی هەڕەشەکردنەکاندا، هەڕەشەکان خەڵك بخاتە دڵەڕاوکێ و وا لەرکابەرکانیان بکات، کەبە ورياييەوە سەيری هەڕەشەکە بکەن، ئەوە لەقۆناغەکانی کۆتایدا، واتە واتە دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر هەڕەشە دەکرێت و تواناى جێبەجێکردنی نابێت، نەك ركابەرو دوژمنەکانی، بەڵکو هاوڵاتیانی خۆیشی لەکاتی هەڕەشەکردنەکاندا نەك هەر دوچاری دڵە راوکێ نابن، بگرە گاڵتەیان پێدێت و بزەیان دەکەوێتە سەر لێوان، بە دەربڕینێکی تر هەڕەشەکردن لەسیاسەتدا دووڕووی هەیە، یا پێگەی خاوەن هەڕەشەکە زیاتر دەچەسپێنێت و متمانەی لای خەڵك زیاتر دەکات، ئەگەر هاتوو لەکاتی بەپی نەهاتن بەدەم هەڕەشەکەوە توانرا هەڕەشەکە جێبەجێبکرێت، یاخود ریسوای دەکات و دەیخاتە دۆخێکی هەستیارەوە ئەگەر نەیتوانی لەکاتی بەپیرەوە نەهاتنەوە نەتوانرا هەڕەشەکە جێبەجێبکرێت.
کەواتە هەڕەشەکردن هەر قسە فڕێدانێك نییە، بەڵکو پابەندییەك دروست دەکات و کەسی هەڕەشە کەر دەبێت پابەند بێت پێیەوە، ئەو پابەندبوونە پێگەی سیاسی و متمانەی خەڵك بۆ سیاسییەکە دروست، بۆیە دەبینین هەڕەشەکردن لە سیاسەتی ناوەخۆو نێودەوڵەتاندا زۆر کەم بەکاردەهێنرێت، سەرکردەکان لەمەسەلە زۆر ستراتیژی و چارەنووس ئامێزەکاندا نەبێت هەڕەشە ناکەن، کاتێك هەڕەشیان کرد جێبەجێی دەکەن، چونکە بەرپرسیاریەتێکی سیاسی و ئاکاریان دەکەوێتە ئەستۆ. نابێت هەڕەشەی گەورە بکەیت و کارێکی بچووك، وەك دەڵێن فیل ژان بگرێت و مشکی لەدایك ببێت!.

## گفت و گۆی سێ قۆڵی

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا و لە ساڵی ١٩٤٤ کە گفتوگۆی سێ قۆڵی نێوان ستالینی سەرۆکی سۆڤیەت و چەرچلی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاو ڕۆزفڵتی سەرۆکی ئەمریکا لەشاری( یاڵتا) ی نیمچە دوڕگەی( قرم ) لە ئۆکرانیا بەڕێوە دەچووِ، ڕۆزفڵت لەسەر پارچەکاغەزێکی بچوک شتێکی نوسی و دای بە چەرچل .
چەرچل دوای ئەوەی خوێندیەوە لە تەپڵەکە جگەرەکەی بەردەمیدا سوتاندی .
دوای ئەوەش وەڵامێکی نوسی و دای بەڕۆزفڵت . ئەویش خوێندیەوەو فڕێیدایە ناو تەپڵەکەجگەرەیەکی تەنیشتی .
ئەو پارچە کاغەزە بەساغی مایەوە . چونکەڕوزفڵت جگەرەی نەدەکێشا.
هەرئەوەندە سەرۆکەکان مێزی گفتو گۆیان جێهێشت ، بەخێرایی پیاوانی ئاسایشی سۆڤیەتی پارچەکاغەزەکەیان هەڵگرتەوە کە تیایدا نوسرابوو :
[ هەرچۆنێ بێ پیرەداڵ لەهێلانەکە نافڕێ ]
سۆڤیەتیەکان ئەو وشانەیان وا لێکدایەوە کە هەوڵێک هەیە بۆ تێرۆرکردنی کەسایەتییەکی گەورەو بەتەمەن .
مەزەندەشیان کرد مەبەست ستالینە .
دەستیانکرد بەگەڕان و وردبینی بۆ
سەرچاوەی قسەیەکی لەمجۆرە لەکتێبی پیرۆز و دیکنزو شکسپیر......هتد
واتا ئەو سەرچاوەیەی دەکرێ ئەو قسەیەی لێوەرگیرابێ.
بەڵام هیچ لێکدانەوەیەکی ئەقڵانییان نەدۆزییەوە.
کارەکە بۆ ئەوان تەواو ڕون دەردەکەوت کە مەبەست تێرۆرکردنی ستالینە.
پیرە هەڵۆ ستالینەو هێلانەکەش کۆشکی گفتو گۆکانە.
پاسەوانیان گۆڕی.
چاودێرییان بەهێزتر کرد.
هەموو شتێکی پێویستیان هێنا لە چەک و تەقەمەنی وەک ئامادەکاری بۆ ئەگەری ڕودانی هەر شەڕێک .
بەڵام هیچ شتێکی نەخوازراو ڕوینەدا.
بەئارامی و بێ هیچ کێشەیەک سەرۆکەکان گەڕانەوە وڵاتەکانی خۆیان
دوای تێپەڕبونی چەند ساڵێک بەسەر ئەو کۆبونەوەدا ،وارێکەوت وەرگێڕێکی سۆڤیەتی لە بۆنەیەکدا خۆی لەتەنیشت چەرچل بینییەوە.
پرسیاری لێکرد مەبەستی لەو دێڕە نوسینە مەترسیدارو ناڕونە چی بووە.
چەرچل وەڵامی دایەوە:
لەڕاستیدا ڕوزفڵت بۆی نوسیبوم:
جەنابی چەرچل زنجیری پانتۆڵەکەت کراوەتەوە .
منیش دڵنیاییم پێداو بۆم نوسی
پیرە هەڵۆ لە هێلانەکەی نافڕێ .
وەرگێراوە



# ئاویلکەدانی خەونەکانی نەتەوەیەك
# سەدەی بیست و یەك
# چیتر سەدەی کورد نەما!!!



د. کامەران مەنتك

لەدوای رووخانی بلۆکی رۆژهەڵات، دوای نزیکەی حەفتا ساڵ لەکوشتن و لەناوبردنی کوردان، دۆخی جیۆپۆلەتیکی کوردستان لەناوچەیەکی تامپۆنی و داخراوەوە، گۆڕا بۆ ناوچەیەکی کراوە، لەکۆتایی سەدەی بیستەم هەرێمێك لەباشوور دامەزرا، لەدەستپێکی دەیەکی یەکەمی سەدەی بیست ویەك رۆژئاوای کوردستانیش کەوتە بەر شەپۆلی گۆڕانکارییەکان و توانی زۆر بەخێرایی گەشەبکات و لەساڵی 2014 بەشێوەیەك لەدەریای سپی ناوەڕاست نزیکبووەوە، خەریك بوو هەموو هێڵە سوورە جیۆپۆلەتیکییەکانی ناوچەکە ببەزێنێت!

ئەو گۆڕانکارییانە هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵی ئابڵووقەدانی روسیا لەلایەن ناتۆوە، ئەویش هەوڵی وەرگرتنی ئۆکرانیا بوولە هاوپەیمانی ناتۆ، ئەمە کاریگەرییەکی ئێجگار نەرێنی لەسەر مەسەلەی کورد دروست کردوو هەر لەو ساڵە، هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی نیمچە دورگەی کریم لەلایەن روسیاوە، شەڕی بە وەکالەتی تورکیا، لەرێگەی داعش دەستیپێکردوو بەمەبەستی لەیەك دابڕینی کانتۆنەکانی رۆژئاوا، پەلاماری کۆبانی درا، لەبەرئەوەی کۆبانێ ئەو کانتۆنە بوو، کەوا هەردوو کانتۆنی جزیرەو عەفرینی بەیەکەوە دەبەستەوە، راستە کۆبانێ نەکەوت، بەڵام ئەو شەڕە رێگەی بۆئەوە خۆشکرد سازش لەگەڵ تورکیا بکرێت و گڵۆپی سەوزی بۆ دابگیرسێنرێت، بۆئەوەی لە ساڵی 2016 پرۆسەی قەڵغانی فورات دەستپێبکات و زیاتر لە 700 میلی چوارگۆشە لەهەستیارترین ناوچەکانی نێوان ئەدلب و حەلەب تا دەگاتە سەر سنوورەکانی تورکیا داگیر بکات، بەمەش ەفرینی بەیەکجاری دابڕی و سەرەتای ئەو زنجیرە داگیرکارییەو ئەو پشتێنەیە دەستپێکرد، کە بەناوچەی ئارام ناسراو تورکیا بەبیانووی پاراستنی سنوورەکانی بەقووڵایی زیاتر لە 30 کیلۆمەتری چوارگۆشە، پرۆسەی داگیرکردنی ئەو کەوانەی دەستپێکرد، کە لە عەفرینەوە دەستیپێدەکردو لەزینی وەرتێ، واتە لەو شوێنەی، کە ناوچەی هەژموونی ئێران دەستپێدەکات بەکۆتا دەهات.

دوای قەڵغانی فورات کوردەکانی باشوور کەوتنە داوی تورکیاو ئیسرائیل و لەپەنای ریفراندۆمێکی بێبەرنامەوە لەساڵی 2017 زیاتر لەنیوەی هەرێمی کوردستانیان لەدەستدا، ئەگەر مرۆڤ گوێ بداتە ئەو وتارانەی، کە رابەرانی ریفراندۆم دەیانداو ئەو هەڕەشە بێمانایانەی دەیانکرد، ئەو کاتە بۆی دەردەکەوێت، کە هەرێمی کوردستان لەدەستێکی ئەمین و سەرکردەیەکی دووربین نەبوو، لەدوای ساڵی 2017 ەوە تا ئێستا هەرێمی کوردستان باجی ریفراندۆم دەدا، واتە دەتوانین بڵێین ریفڕاندۆم ئەو خاڵە بوو، کەسەرەتای مردنی خەونی باشوور لەوێوە دەستیپێکرد، هەرێم بەتەواوی کەوتە ژێر هەژموونی تورکیاو ئێران و ئیرادەی سیاسی خۆی لەدەست دا، ئەو سەرکردانەی بەرامبەر گەلی خۆیان قارەمان بوون وبەو پەڕی نابەرپرسیاریەتییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد، بوونە بووکەڵەیەکی چرووك بەدەست بەرپرسە پلە دەو دوازدەکانی ئێران و تورکیا.

هەر دوای ئەوە لەساڵی 2018 روسەکان گڵۆپی سەوزیان بۆ تورکیا دایساندو عەفرینی داگیرکرد، لەساڵی 2019 گرێسپی و سەرێکانی و لەساڵی 2020 هەوڵەکانیان گەیاندە زینی وەرتێ، بەمەبەستی داگیرکردنی دواخاڵی ئەو پشتێنەیە ئارامییەی دەستیانپێکردبوو، بەم شێوەیە لەساڵی 2014، لەگەڵ بەهێزبوونەوەی بەرگرییەکانی روسیا، جارێکی تر سەرەتای بوونی کوردستان بەناوچەیەکی تامپۆنی لەقۆناغی شەڕی ساردی نوێدا و گەڕانە دواوەی مەسەلەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان دەستیپێکرد.

لەساڵی 2023 خۆپیشاندان ئێرانی گرتەوە، دیارە کورد پێشەنگایەتی ئەو راپەڕینەی دەکرد و خەونێکی زۆری لەسەر هەڵچنی، بەڵام شکستی هێناو ئێستاش ناوە ناوە لەهەواڵەکان گوێمان لە هەواڵی لەسێدارەدانی ئەو کەسانە دەبێت، کە رابەرایەتی ئەو خۆپیشاندانەیان دەکرد، لەساڵی 2025 پەکەکە لەئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی لەدامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی پاشگەز بووەو ئۆجەلان لەزیندان کۆتایی خەباتی چەکداری راگەیاندو دروشمی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی بەرزکردەوە، ئەمەش گەڕانە دواوەیەکی گەورەبوو لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد نەك هەر لەباکووری کوردستان بگرە لەرۆژئاواو باشووری کوردستانیش، کاریگەرییەکی ئێجگار نەرێنی لەسەر کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان دروست کرد.

لەو کاتەی هەموو ئومێدێك لەسەر رۆژئاوا بەند بوو، هەرێم لەزەلکاوی گەندەڵی دەتلایەوەو حیزب و بەرپرسە حیزبییەکان لەهەموو مەسەلەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی داماڵڕابوون وتەنیا خەریکی دزی و دادۆشینی کوردستان بوون، بەرامبەر ئەمەش مووچەی خەڵکی کوردستانیان بڕی وخەڵك کەوتە دۆخێکی خراپەوە، ئەمە کۆمەڵگەی باشووری رێك بۆ دووچین دابەشکرد، چینێکی گەندەڵ و دز، کە هەموو سامانێکی وڵاتیان بۆ خۆیان دادۆشی و بەرۆژی رووناك شەڕی کەلتوورو زمان و بەهاکانیان کردو بەماوەیەکی کەم شارە موحافیزکارەکانی هەرێمیان کردە شاری مەلهاکان و بەرامبەر ئەمەش چینێکی تری زۆرینە کەوتە ژێر هێڵی هەژاری و وەك سواڵکەرێك چاوەڕوانی مووچەی دەستی دزەکانی هەولێرو بەغدابوو، لەگەڵ چینێکی ناوەڕاستی کەم، کە رۆژ بەرۆژ دادەخوراو بەشێکی زۆری دادەخوراو دەکەوتنە خانەی چینە رەش و رووتەکانەکانەوە!.

لەدوای نیوەی دووەمی ساڵی 2025، بەغدا بەدەرفەتی زانی، دەستی لە قوڕگی هەرێم توندتر کرد، بەرامبەر ئەمەش خەونی نەتەوەیەك لەباشوور لەمووچە کورتکرایەوە، ئەو شەڕە دەروونییەی لەماوەی 33 ساڵدا تورکیاو ئێران لەرێگەی حیزبە کوردیەکانەوە لەگەڵ خەڵکی کوردستانیان کرد، سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناو ئێستا کوردو بوون و نیشتمان پەروەری بۆتە عەیبەو شەرمەیەکی گەورە، دوای ئەوەی ئیسرائیل و ئەمریکا لە لێدانی ئێران شکستیان هێناو روسیا هێڵی سووری بەرزکردەوە، گۆڕانکاریەکان خراپتر دژی بەرژەوەندییەکانی کورد شکایەوە، ئێستا پێدەچێت هەموو لایەنە رکابەرە جیهانییەکان لەسەر بچووککردنەوەو گەڕاندنەوە دواوەی مەسەلەی کورد گەیشتبنە رێککەوتن، پێداگری بەغدا لەسەر داواکانی و بانگەشەکانی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ئاماژەیەکە بۆ دایسانی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا بۆ گەڕاندنەوەی باڵادەستی ئێراق بەسەر هەرێمی کوردستان، لەملاشەوە رۆژانە حکومەتی نوێی سوریا بەهێز دەکەن، واتە دەسەڵاتی ناوەندی لەسوریاش بەهێزدەکەنەوە، لەنوێترین لێدواندا نێردەی ترامپ بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێت، پێویستە هەسەدە لەوە تێبگات، کە سوریا یەك وڵاتەو دەبێت یەك سوپاو هێزی نیشتمانی هەبێت، کە ئەمەش بەشێوەیەك لەشێوەکان رێگە خۆشکردنێکە بۆ چەککردنی هەسەدە، بەرامبەر بە وەرگرتنی مافی هاوڵاتی بوون، لەباشووریش باس لە نەهێشتنی میلیشیا دەکرێت و هاوکات زەمینە بۆ شەڕێکی نێوان هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی پێشمەرگە خۆش دەکرێت، بۆئەوەی دەرفەت بۆ سوپای ئێراق بڕەخسێنن، کە خۆی کۆبکاتەوەو پێگەی خۆی بەهێز بکاتەوە، بەم شێوەیە نەهێزێك دەمێنێت بەناوی حەشدی شەعبی و نەیەکەی حەفتاو هەشتای پێشمەرگە دەمێنێت، ئەو یەکانەی، کە ئەرکیان تەنیا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دوو بنەماڵەی سیاسی بووە لەکوردستان.

بەم شێوەیە ئەو خەونانەی کورد لەسەدەی بیست یەکدا هەیبوو تا ئەوپەڕی بچووککردنەوە بچووك دەکرێتەوەو خۆی لە چەند مافێکی کەمی سەرەتایی، لە وانە مافی رۆشنبیری و بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی دەبینێتەوە، ماوەیەکی تر سەرچاوەکانی وزەش(نەوت و گاز) دەخرێتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند، بەمەش پەڕوباڵی ئەو دووبنەماڵەیە دەکرێت، کە لەماوەی سی وپێنج ساڵدا جگە لە نەهامەتی و ماڵوێرانی هیچی تریان بۆ کورد پێ نەبوو، بەم شێوەیە ئەستێرەی بەختی ئەو دووبنەماڵەیە بۆ دواجار دەکوژێتەوە و کاری ئەوان تەواو دەبێت!!!

ئەمەش یا لەرێگەی هێزەکانی سوپای ئێراقەوە دەبێت، یاخود لەرێگەی راپەڕینێکی جەماوەرییەوە دەبێت، کە ئێستا هەموو زەمینەیەکی بۆ خۆشکراوە، دیارە ئەو دوو بنەماڵەیەش هێندە بێهێز، ئەگەری توانای رووبەڕووبوونەوەو بەرەنگاربوونەوەیتن ئێجگار کەمە، راستە ئێستا هەڕەشە دەکەن، بەڵام مێژووی خۆیان گەواهیان بۆدەدات، کە لەو چرکەساتە هەستیارانەدا بەشێنەیی چەکەکانیان دادەنێن و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.

بەرپرسی یەکەم لە لەدەستچوونی ئەو دەرفەتە مێژووییەی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دوو بنەماڵەیەی، کە لەماوەی سی وپێنج ساڵدا هەموو خەڵکی کوردستانیان کردە سواڵکەرو خۆشیان بوونە خاوەنی سەروەت و سامانێکی بێ شومار، بێگومان کاتەکەیان تادێت لەوە نزیك دەبێتەوە وەك تاوانبارێك خۆیان لەبەردەم دادگایەکدا ببیننەوە، ئەو دادگایەش یا دادگای ئەو دەوڵەتی ئێراقە دەبێت، کە خۆیان لەتاریکترین ساتەکانی مێژووی ئێراقدا دروستیانکردەوە، یا لەرێگەی خەڵکی کوردستانەوە دەبێت، کە بەپشوو درێژییەوە چاوەڕوانی ئەو دادگایکردنە دەکات.



# چیرۆکی زەمبیل (زەنبیل) فرۆش

**چیرۆکی زەمبیل (زەنبیل) فرۆش لە پێداهاتنەوە و وەرگێڕان لە فۆلکلۆری کوردانی ئەرمەنستان: هادی عەزیزی کوردی لە پێشدا**، دەمەوێ لە سەر وشەی زەمبیل و زەنبیل بدوێین و لە سەر ئەساییێکی زمانەوانی کۆنی کوردی، بە ئەوە دڵخۆش بین کە هەر دوو وشەکە کوردییە. لە رووی ماترِیاڵی زمانی کوردی و شێوەزارەکان، چەند خاڵێکی زەق و بەرچاو دەکەوێتە گۆڕێ کە هەموو هەر دڵخۆشکەرن و وەک میناکی زیندووی زمانەکەمان، ئەورۆش بە کار دێن. نموونە: لە زمانی کوردیدا، زۆر جار لە شێوەزارێک بۆ شێوەزارێکی دیکە و زۆر جار لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە، پیتەکان لە رووی گوتنەوە گۆڕانکارییان بەسەر دێت، کە ئەوانەش هەمووی لە دەوڵەمەندی زمانەکەماندا خۆی دەبینێتەوە. باران،واران بەهار،وەهار تەورێز،تەبرێز "ئەنبار،ئەمبار" زمان،زوان وەهرە،بەهرە. زەمبیلفرۆش،لە سەر ئەساسی راستەقینەی گوتنەکەی وەک کورمانجی ژووروو. زەمبیلفرۆش ناوی داستانێکی کوردییە، کە مەلا حەسەنی باتەیی(1417-1491 جۆلەمێرگ) نووسیوییەتەوە. ناوی راستەقینەی زەمبیلفرۆش، میرسەعید کوڕی میرحەسەن، لە فەرمانڕەواکانی ئامەدی باکووری وڵاتە و میر سەعید کوڕێکی جوانچاک و ئاشقە راو بووە. رۆژێک کە لە دەوری زاخۆ لە نێچیرڤانی دەگەڕێنەوە، دبینن کە خەڵکێک خەریکی ناشتنی تەرمێکن و ئەویش پرسیار دەکا، ئەوە چ بووە؟ وەڵام هات کە کوڕێکی گەنجی تەمەن چاردە ساڵ مردووە.هەر لە وێ میرسەعید هزر هەڵیدەگرێ و لە دەروونیدا ئەو پرسیارە لە؟خۆی دەکا کە بڵێی منیش بمرم و لە گۆڕیچەیەکی ئاوا تەسکدا بمنێژن؟ ئەم رووداوە وا لە سەر میر کاریگەری دەبێ کە لە گەڕانەوە بۆ کۆشک، بڕیار دەدا دەست لە میرایەتی هەڵگرێ و جلی دەرۆیشان لە بەر بکا. ژنی میر دەست دەکا بە لۆمە کردنی و دەڵێ: ئەی میر تۆ دەستت لە میرایەتی هەڵگرت و رووت لەم ژیانە کردووە، ئێمە ژیانمان دەوێ.ئەوەی تۆ بڕیارت داوە گوناهی ئێمەی تێدا نییە.میر قسەی خێرانەکەی دەسەلمێنێ و لە شاری ئامەد (دیاربەکر)ەوە دەڕۆن بۆ شاری ماردین (مێردین) و دوای پرس و رایەکی زۆر پیشەیەکی مرۆڤانە هەڵدەبژێرێ کە نەکا لە لای خواکەی خۆی گوناهبار بێت، هەر بۆیە رۆژانە لە قامیشەڵانەکانی شاری مێردێن، دەست دەکا بە قامیش و شووڵ بڕینەوە و بە یارمەتی خێزانەکەی زەمبیل (سەلک)درووست دەکات و لە فرۆشی زەمبیلەکان، ژیان بەرەو پێشەوە دەبەن. ڕۆژێک لە ناو هات و هاواری زەمبیل فرۆشتندا، لە ناکاو کچێکی میرزادە چاوی بە زەمبیلفرۆش دەکەوێ و لە سەر خۆ دەچێ، لە دوای بە هۆش هاتنەوەی یەکسەر بە قەرەواشێکی دەڵێت کە بچێت و زەمبیلفرۆش بۆ کۆشک بانگ بکات.زەمبیلفرۆش دەگاتە کۆشک و هەر زوو لە نیگای میرزادە تێدەگا.ئەوەی کە گرینگە ئێستا زەمبیلفرۆش دەروێشێکی تۆبەکار و کەسێکی بەحدینە (بەدین)؛ هەر بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە کە خۆی دەرباز بکات و داوا لە خاتوون دەکات کە بچێ دەستنوێژ بگرێ و دوای نیاز لە گەڵ خواکەی بگەڕێتەوە بۆ لای. زەمبیلفرۆش بیر لەوە دەکاتەوە کە بە خۆهەڵدان لە سەربانی کۆشکەوە خۆی رزگار بکات و لە چنگ میرزادە هەڵبێت بەڵام سەرکەوتوو نابێت.میرزادە دەکەوێتە ئەو بیرەوە کە لە ناو جێدا لە گەڵ زەمبیلفرۆش نزیکی بکات، هەر بۆیە لە گەڵ ژنی زەمبیلفرۆش جێی خۆی دەگۆڕێتەوە و بە پۆشینی جلەکانی ئەو، دیسانیش هەر سەرکەوتوو نابێت. زەمبیلفرۆش کە دواتر دەبینێت میرزادە دەستی لێ هەڵناگرێ، بە ناچاری دەگەڕێتەوە شاری ئامەد و لە دوای مردنی باوکی بە زۆری خەڵک، میرایەتی دەکات، بەڵام شەوانە دیسان بە فرۆشتنی زەمبیل خۆی بەخێو دەکات و هیچ کات سامانی میرایەتی بۆ ژیانی خۆی بەکار ناهێنێت.قەبری زەمبیلفرۆش لە گوندی سیرکوتکی سەر بە شاری زاخۆیە. لە زۆربەی ئەو بەیتانەی کە لە سەر زەمبیلفرۆش هەیە، دەگوترێت کە گوایە خۆی لە سەربانی کۆشکەوە فڕێ دەدا یان دەڵێن، بە نزا و پاڕانەوە دەبێ بە کەو و لەوێ نامێنێ، کە هەمووی ئەوانە لەو خاڵەدا جێدەگرێ کە دەیانهەوێ حەقیقەتی ئەم داستانە بکەن بە ئەفسانە و لە رێبازی خۆی بە لارێیدا ببەن. چیرۆکی زمبیلفرۆش یەکەمجار، وەستا جەمۆ مجێوری گوندی خەتارێ لە باکوور گوتوویەتی. مامۆستا گێو موکریانی ساڵی 1967 زەمبیلفرۆشی لە دوای کۆکردنەوەی سەرچاوە کورمانجی و لکە زاری بادینی بە سۆرانی بە چاپ گەیاندووە.

**کوردپیدیا**



زەمبیلفرۆش ناوی داستانێکی کوردییە، کە مەلا حەسەنی باتەیی لە ساڵی (1417-1491 جۆلەمێرگ)نووسیوییەتەوە، ناوی راستەقینەی زەمبیلفرۆش، میرسەعید کوڕی میرحەسەن، لە فەرمانڕەواکانی ئامەدی باکووری کوردستانە،
چەند پارچەیەک لە بەیتی زەمبیل فرۆش :

زەمیل فرۆش زەمبیلا تینە
رەبەنوو زەمبیلا تینە
سۆک و محەلا دگەرینە
گول خاتوون دچە و دبینە
ئاقل دچە و سەودا دمینە
--- --- --- --- ---
زەمبیل فرۆش لاوکێ دەروێشە
رەبەنوو لاوکێ دەروێشە
کەرەمبکە تۆ وەرە پێشە
بهایێ زەمبیلێت خوە بێژە
--- --- --- --- ---
خاتونێ وەز توبەدارم
حۆرمەتێ ئەز توبەدارم
ئەز ژ رەبێ ژوری نکارم
زاروک برچینە ل مالێ




# شارێکی 3500 ساڵی لە باکووری پیرۆ دۆزرایەوە

وێستگەنیوز_ هێڤار هیوا شوێنەوارناسان دۆزینەوەی شارێکی دێرینیان لە پارێزگای بارانکا لە باکووری پیرۆ ڕاگەیاند. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی بی بی سی، ئەو شارەی دۆزراوەتەوە تەمەنی 3500 ساڵە و ناوی پێنیکۆیە و پێدەچێت وەک ناوەندێکی سەرەکی بازرگانی ڕۆڵی بینیبێت لە سەردەمی کۆندا؛ کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی زەریای هێمن'ی بەو ناوچە و کۆمەڵگایانەوە بەستبووەوە کە لە شاخەکانی ئەندێس و حەوزی ئەمازۆن ژیاون. ئەم شارە دێرینە نزیکەی 600 مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و پێشبینی دەکرێت لە نێوان ساڵانی 1800 بۆ 1500 پێش زایین دروست کرابێت کە ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردنی شارستانییەتە سەرەتاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئاسیادا. لە شاری تازە دۆزراوەی پێنیکۆ، پەرستگا و خانووی لە قوڕ دروستکراو دۆزراوەتەوە و لە باڵەخانەکانی ئەو شوێنەدا توێژەران کەلوپەلی ڕێوڕەسمی و پەیکەری گڵینی مرۆڤ و ئاژەڵ و گۆرەوییان دۆزیوەتەوە. بە وتەی شارەزایان و لێکۆڵینەران، دۆزینەوەی ئەم شارە، دووبارە شاری 'کارال' کە کۆنترین شارستانییەتە لە کیشوەری ئەمریکای باشوور دۆزرابووەوە لە ڕابردوودا، دەخاتەوە بەر لێکۆڵینەوە. بەو پێیەی کارال وەک کۆنترین شارستانییەتی ناسراو لە ئەمریکا لە پێشتردا ناسرابوو کە لە دۆڵی سوپێ لە پیرۆ لە نێوان 5000 بۆ 3000 ساڵی پێش زایین دامەزراوە. کارال چەندین شوێنەوار لەخۆدەگرێت، لەوانە پێکهاتەی هەرەمی گەورە، کشتوکاڵی ئاودێری ئاڵۆز و نیشتەجێبوونی شارەکان. پێدەچێت بە جیابوونەوە لەگەڵ شارستانییەتە سەرەتاییەکانی دیکەی وەک هیندستان، میسر، سۆمەرییەکان و چین پەرەیسەندبێت. دکتۆر ڕوت شادی، ئەو شوێنەوارناسەی کە سەرکردایەتی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییەی پێنیکۆ و هەڵکەندنی 'کارال' کردووە لە ساڵانی نەوەدەکاندا'، ڕایگەیاندووە، دۆزینەوەکە گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی شارستانیەتی کارال چی بووە دوای ئەوەی بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە لەناوچووە. دکتۆر شادی بە ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە، کۆمەڵگەی پێنیکۆ "لە شوێنێکی ستراتیژیدا هەڵکەوتووە بۆ بازرگانی، بۆ ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ کۆمەڵگاکانی کەناراوەکان و بەرزاییەکان و جەنگەڵەکاندا".

وێستگە نیوز





# سێ شاری کوردستان لە لیستی کۆنترین شارە مێژووییەکانی جیهان دیاریکران

## زێدپرێس- محەمەد عەبدوڵا

سێ شاری کوردستان، دووانیان لە باشووری کوردستان و یەکێکیان لە باکوری کوردستان، لە ڕیزبەندی لیستی کۆنترین شارە مێژووییەکانی جیهان دیاریکران، کە لەو ڕۆژەوەی ئاوەدانکراونەتەوە تاکوو ئێستا ژیانیان تێدا بەردەوامە.

گۆڤاری سی ئۆ ئی ئەمریکی ئەمڕۆ سێشەم، ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ ڕیزبەندی لیستی ٢٦ کۆنترین شارە مێژووییەکانی جیهانی بڵاوکردووە. لە لیستەکەدا شاری هەولێر پلەی چوارەمی لە ڕیزبەندەکەدا وەرگرتووە و بەپێی ڕاپۆرتەکە، شاری هەولێر ٦ هەزار ساڵ پێش زایین ئاوەدانکراوەتەوە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت پێشتر شارەکە لەلایەن ئاشوورییەکان و سەلجوقییەکان و عوسمانییەکانەوە داگیرکراوە، بەڵام تاکوو ئێستا وەکوو نموونەیەکی هەمەجۆری نەتەوەیی و ئایینی ماوەتەوە، کە کورد و ئاشوری و ئەرمەنی و عەرەب و تورکمانی عێراقی تێدا دەژین. ئەوەی جێی سەرنجە لە ڕیزبەندیەکەدا هەولێر لە پێش ئەستەنبوڵی تورکیا و ئەسینای یۆنانەوە هاتووە، کە بە دوو شاری مێژوویی دادەنرێن و پلەی شەشەم و هەشتەمیان وەرگرتووە. هەر لەناو شارەکانی کوردستاندا، شاری دیلۆک (عەنتاب) لە باکوری کوردستان پلەی ١٤هەمینی وەرگرتووە کە سێ هەزار و ٥٠٠ ساڵ پێش زایین لە سەردەمی چاخی برۆنزدا ئاوەدانکراوەتەوە. شاری کەرکووکیش لە باشوری کوردستان لە ڕیزبەندی ٢٠هەمین دێت، کە دوو هەزار و ٢٠٠ ساڵ پێش زایین ئاوەدانکراوەتەوە و تاکو ئێستاش ژیان تێیدا بەردەوامە. ئەو شارە کورد و عەرەب و تورکمانی تێدا دەژین، هەروەها شوێنەواری دێرینیئەکدییەکان و ئاشورییەکان و جوویشی تێدایە. جێی ئاماژەپێدانە کە شاری ئەریحا لە کەرتی ڕۆژئاوای فەلەستین ڕیزبەندی یەکەمی لیستەکەی وەرگرتووە، کەمێژووەکەیبۆ نۆ هەزار و ٣٠٠ تا ١١ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.



# پەیوەندییەکانی مەزڵومو شەرع لەژێر هەڕەشەی شمشێری ئەردۆغاندا

## د.مەجید ساڵح



پەیوەندی نێوان ئەحمەد شەرع و هێزەکانی سوریای دیموکرات بە فەرماندەیی مەزڵوم عەبدی زۆر ئاڵۆزە، تێکەڵەیەکە لە هەوڵی نزیکبوونەوە لەژێر چاودێری هاوپەیمانان و ئاڵنگاریی خۆئامادەکردن بۆ شەڕ لە سەر ئەرز. لەکاتێکدا لەم دواییانەدا چەندین ڕێککەوتن بۆ یەکخستنی دامەزراوەکان واژۆ کراون، بەڵام هێشتا ئاستەنگە گەورەکان ماون، دیارترینیان کاریگەریی نفوزی تورکیایە کە باڵی بەسەر هەر ئەگەرێکی باشترکردنی ئەم پەیوەندییانەدا دەکێشێت. (1) هەنگاوێک بۆ پێشەو یەکێک بۆ دواوەوە! لە مانگی ئاداری ٢٠٢٥، ئەحمەد شەرع ڕێککەوتنێکی لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) مەزڵوم عەبدی بە سپۆنسەری ئەمریکا واژۆ کرد، بە ئامانجی یەکخستنی دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی کورد لەناو دەوڵەتی سووریادا. ئەم ڕێککەوتنە، کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد هات، زۆری نەخایاند خاڵە سەرەکییەکانی جێبەجێ نەکران، گرنگترینیان پێداگری دیمەشقە لەسەر چەکداماڵینی هێزە کوردییەکان و هەڵوەشانەوەیان لەناو سوپای سووریادا، ئەمەش پێچەوانەی ویستەکانی کوردە بۆ پاراستنی تایبەتمەندی و سەربەخۆیی سەربازییان. بەڵام دانوستانەکان لەسەر پرسە گرنگەکانی وەک دەروازە سنوورییەکان و کێڵگە نەوتییەکان بەردەوامن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی گفتوگۆ، هەرچەندە خاو و پڕ لە گرژی بێت. (2) دەستی شاراوەی تورکیا تورکیا ڕۆڵێکی سەرەکی لەم هاوکێشەیەدا دەگێڕێت. دوای هاتنە سەرکاری شەرع، ئەنقەرە ڕایگەیاند کە ئیدارەی سووریا داوای پشتیوانی سەربازی لێکردووە، و شەرع سەردانی تورکیای کرد و لەگەڵ سەرۆک ئەردۆگان کۆبووەوە. ئەم نزیکبوونەوەیە قووڵایی پەیوەندی نێوان هەردوو لایەن نیشان دەدات. تورکیا، کە هەسەدە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانێت، بە توندی فشار دەخاتە سەر شەرع بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ لەسەر سنوورەکانی باشووری دروست نەبێت. تەنانەت ئەنقەرە هەڕەشەی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ دەکات بۆ ڕێگریکردن لە هەر هەوڵێک بۆ دابەشکردنی سووریا، کە ئەمەش سنوورێک بۆ هەر مافێک دادەنێت کە شەرع بتوانێت بە کوردەکانی بدات. ئەم کاریگەرییەی تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو نەرمی نواندنی ئەحمەد شەرع لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کوردی سنووردار کردوە. لەکاتێکدا شەرع هەوڵ دەدات سووریا یەکبخاتەوە، تورکیا پشتیوانی ئەم ئاراستەیە دەکات بە مەرجێک کە هێزە کوردییەکان چەک دابنێن و بە تەواوی یەکبخرێن، کە ئەمەش لەگەڵ ویستەکانی کورد بۆ پاراستنی ئاستێک لە خۆبەڕێوەبەریدا ناکۆکە. (3) هیوایەک یان سەرابێک؟ سەرەڕای ئاڵنگارییەکان، هیوایەک لە بەردەوامبوونی گفتوگۆ لە نێوان دیمەشق و هەسەدە، و ڕۆڵی ئەمریکا و فەرەنسا وەک نێوەندگیرێک، دەبینرێت. ئەگەر شەرع بتوانێت گەرەنتی ڕاستەقینە بۆ مافە کلتووری و ئیدارییەکانی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی سووریادا دابین بکات، ئەوا ئەمە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بنیاتنانی متمانە. هەروەها، فشاری تورکیا، بە شێوەیەکی دژوار، لەوانەیە بەرەو چارەسەرێک ببات کە هێزە کوردییەکان یەکبخات، هەرچەندە لەژێر کۆنترۆڵی ناوەندی توندا بێت، کە ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی سەقامگیرییەکی ڕێژەیی. بەڵام، دەبێت واقعبین بین، کۆنترۆڵی تورکیا بەسەر بڕیارە سیاسییەکانی ئەحمەد شەرع ڕێگرێکی گەورەیە لەبەردەم بەدەستهێنانی هەر شێوەیەک لە خۆبەڕێوەبەری یان تایبەتمەندی کوردی کە لەوانەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیادا ناکۆک بێت. ئەنقەرە ئەوپەڕی تواناکانی بەکاردێنێ بۆ ئەوەی هیچ قەوارەیەکی کوردی بەهێز لەسەر سنوورەکانی دروست نەبێت. بەڵام ئەم خواستەی تورکیاش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل کە نایەوێ دەوڵەتێکی ئیسلامی سەربە تورکیا دراوسێی بێت و هەروەها لە داهاتودا لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی عەرەبی و ستراتیژی وڵاتانی زلهێزدا ناگونجێ و سوریا بەرەو گەڕی شەڕێکی ناوخۆیی مەترسیدار دەبات و کورد دەبێ خۆی بۆ ئامادەکات.. ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

شارپرێس

# دیداری شەوانی ئەستێرە (کورتیلە چیرۆک)

## ڕەووف محەمەد ئالانی

هیچ شەو نیە منٚ لەچاوەڕوانی دیداری کورتی ئەستێرەیەکی گەشدا نەبم، من لەگەڵ چرکە ساتەکانی هەڵاتنی ئەو ڕاهاتوم و لە بن دیواری ماڵەکەم، لە تەنیشت حەوشەی دەرەوە، بەهێواشی و بەبێ چرپە، لەپێشا خشپەیەک لەکۆڵان سەرنجم ئەبات، ئەبینم پشیلەیەکی سپی جوان لەهەمان کاتدا ئەویش دێتە نزیکم، ئەزانم داوای خواردنم لێدەکات، بۆیە لەگەڵ خۆم بەشی ئەو لەقاپێکدا ئەخەمە بەردەمی، ئەو پێویستیەکەی خۆی دابینکراو بە نزیک بونەوەی لەمن کە هەست ئەکەم سوپاسی خۆی دەربڕێت و دەڕوات.

دوای ئەوە نیگام بۆ ئاسمان ئەگوازمەوە، جونکە کاتی نزیک بونەوەی دیدارمە لەگەڵ ئەستێرە گەشەکەی ئاسمان، هەر کە تروسکایی دەرکەوت، خێرا نیگام ئەچێتە سەری و ئاوێزانی تیشکە تەلیسماویەکەی دەبم، هەرشەوەی لە باسێک ئەدوێین: دوێ شەو لەوەڵامی پرسیاری من، جیاوازی خۆی و ئەستێرەکانی تری ڕونکردەوە، وتم بۆچی تۆ لەوان جیاوازتر دیاری و گەشتری؟ لەوەڵامدا وتی: من ڕێی دوور دەبڕم و بەر کۆمەڵێ تێشکی جیاواز دەکەوم، لە هەموویان ووزە وەردەگرم، کاتێ دەگەمە ئێرە گەشتر دیارم، هۆیەکی تر ئەوەیە دڵم خۆشە چونکە چەند وەر ئەگرم ئەوەندەش لەو تیشکانە ئەبەخشم بەم ئاسمانە پان و بەرینە، بۆیە سەرچاوەی دڵخۆشیەکەم ئەوانەیە، لەوەش گرنگتر من دەیان مرۆڤی وەک تۆ هاوڕێمە و ڕاز و باسی ژیان و جوانیەکانیان لەگەڵیان ئەگۆڕمەوە، دڵنیام ئێوەی مرۆڤیش وا مامەڵە بکەن گەشی و خۆشی بەدیدێنن و هەمیشە ژیانتان دروەشاوە ئەبێت، لەگەڵ کۆتایی هاتنی وادەکەمان ماڵاوایی کردو وتی من ئەڕۆم زۆر کەسی تر چاوەڕێمن، بەنیازی دیدارێکی تر .





# دەربارەی کوردو جولەکە

## لەتیف فاتیح فەرەج



کوردو جولەکە هەردوك لەمێژودا ستەمی گەورەیان لێکراوە، بوغزێنراون، دەربەدەرکراون، خاكو نیشتمانیان داگیرو وێرانکراوە، لەساڵی 1948 بەدواوە جولەکە دەوڵەتی ئیسرائیلی بۆ خۆی چێکردو لەو ساڵەشەوە تائێستا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆی زیاتر جێگیر دەکاتو نەیارو دوژمنەکانیشی زیاتر تارو مار دەکاتو بەردەوام بەربەستو لەمپەری خواستو خولیای خۆی تەختدەکاتو نەیارو دژەکانی ناچاری دانپیانانو ملدان دەکات، وەك چۆن ئێستا بەنزیکەی هەموو عەرەبی ناچاری دانپییانان بەخۆی کردوەو ئەوەشی ئەو هەنگاوەی نەناوە تێكو پێکی شکاندوە، هەر عەرەبیشی ناچارکردوە کە ببێتە ناوبژیوانی خۆییو عەرەبە نەیارەکانی، هەڵبەت ئێرانیشی بەدۆخێك گەیاندوە کە نەتوانێ دژایەتی بکات، تورکیاش ئێستا لەهەرکات زیاتر لەو وڵاتە بچوکە دەترسێت، جولەکە بەدەرلەوەی پێیگەیشتوە، ئێستا بەناوی ئاینی ئیبراهیمیو ڕێکەوتنی ئیبراهیمیو نوێژی پیرۆزو تەنانەت پرۆژەی داود، دەیەوێت وەك زلهێزو دەسەڵاتدارێکی گەورەی ناوچە دەربکەوێت، بێگومان لەئایندە بەوەشدەگات. کورد وێڕای گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت قوربانیترینو بێکەسترین نەتەوەی ناوچەکەیە، سەدان ساڵە هەلا هەلاو جینۆساید دەکرێت، تەنانەت کاتێك هاوکاری برا موسوڵمانەکانیشی دەکات، ڕەشەکوژ دەکرێتو ناوی لەکەدار دەکرێتو بەلای عەرەبەوە هێشتا موالیو دواکەوتەی ئەوە، ئەبو موسلیمی خوراسانی ئەبو جەعفەری مەنسوری عەباسی دەکاتە خەلیفە، کەچی ئەبو جەعفەر هەر بەکوشتن وازی لێناهێنێو ناوی دەگۆڕێ بۆ ئەبو موجریمو باوو باپیریشی بەخائین ناودەبات، خۆ بۆ سەڵاحەدینیش لەوە باشتر ناڵێن، ئێستا کە عەرەب پەلەیانە لەوەی ئامێز بکەنەبە دەوڵەتی ئیسرائیلدا، کورد بۆ دژی ئەو ئاینو نەتەوەیە بێت، کە بڕواناکەم لەمێژودا هیچ زیانێکی بەکورد گەیاندبێت، ڕەنگە زۆر هەبن ئەمەیان پێناخۆش بێت، بەڵام من باوەڕم بەوەیە کورد بەئاشکرا، وەك قەتەر، ئیمارات، سودان، میسرو، ئەردەنو ئەوانی تر، پەیوەندیی ئاشکراو ڕوبەڕوی لەگەڵ جولەکە هەبێت، خێرە عەرەب ئازاری غەزە نەبینێو کورد بەو هەموو برینەی خۆیەوە، زیاتر لەعەرەبی ببینێت. ئەمڕۆ ئیسرائیل دەوڵەتێکەو لەناوچەکەدایە هەموو وڵاتانی دەوروبەر جگە لەئێران پەیوەندی ئاشکراو ژێر بەژێریان لەگەڵیدا هەیە، زۆرجار باسی پەیوەندی ئێرانیش دەکرێت، بەڵام بەشێوازی دیکە، مێژوی خوێناوی کورد لەسەر دەستی تورکو فارسو عەرەب بەو جۆرە هاتوە، ئەو وڵاتە بەناو موسوڵمانانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، وڵاتی ناسیۆنالیستی بوبن، یان ئایینیو مەزهەبی، بواری ئەوەیان نەداوە کورد بەزمانی خۆی بخوێنێو بنوسێت، تەنها لەبەشێکی کوردستانی ژێر دەستی عێراق ئەو مافە هەبوە، ئەوەش لەبەشێکی زۆری ڕێپێدراو نەبوە ، ئەوە لەکاتێکا ڕۆژانە کوردەکانی ئیسرائیل گرتەی زندوی خۆیان بڵاودەکەنەوە کە بەشانازیەوە گۆرانی کوردی دەڵێنو شاییو دیلانێی کوردی دەکەن، قسەکە لەسەر ئەوەیە باشە لەمپەر چییە لەبەردەم پەیوەندیی کوردو ئیسرائیل، بۆ ئاسایی بێت عەرەبی ئەردەنو سوریاو میسرو شوێنگەلی دیکە پەیوەندی پتەویان لەگەڵ ئیسرائیل هەبێتو بەبەرچاویشیانەوە غەزە وێرانبکرێتو نقەیان لێوە نەیەت، بۆ ئاسایی نییە کورد ئەو پەیوەندیەی هەبێت، هەڵبەت ئەمە ناکاتە ئەوەی کارو کردەی دڕندانەی سوپای ئیسرائیل بەرانبەر ژنو منداڵو پیرو خەڵکی سڤیلی غەزەو فەڵەستین لۆمە نەکرێتو لەقاو نەدرێت. کورد وەك گەلێکی ستەملێکراوی بێ ماف، بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی سڕینەوەدایە لەسەر دەستی تورکو فارسو عەرەب کە هەرسێ گەلو دەسەڵاتەکانیان خۆیان بەموسوڵمان دەزانن، مافی ژیانو ئازادیو بونی لەسەر خاکی خۆی پێ ڕەوا نابینن، بۆ ئەوەی سۆزی وڵاتانو گەلانی دونیا بەلای خۆیدا ڕابکێشێت مافی ڕەوای خۆیەتی لە گەڵ هەرکێ بیەوێت پەیوەندیی هەبێت بەو مەرجەی دانی پێدابنێتو لەبارودۆخی مەترسیداردا بیپارێزێتو هاوکاری بێت، ئەگەر دەوڵەتی جولەکەش نەبێت گەلی جولەکە جۆرێك لەهاوسۆزیان لەگەڵ گەلی کورد هەیە، بۆیە دەبێت بایەخ بەپەیوەندیی نێوان ئەم دوو گەلە بدرێتو پەرە بەدۆستایەتیان بدرێت، ئەوەشمان بیر نەچێت هیچ لایەنێکی فەڵەستینی بەئاشکرا تائێستا داکۆکی لەمافی کورد نەکردوە، لەکاتێکا کەم شاعیرو نوسەرو مەلاو ئازادیخوازی کورد هەیە بەشیعرو نوسینو وتارو پەیام، داکۆکی لەفەڵەستین نەکردبێت، بۆخۆم لەوبارەیەوە شیعرو نوسینم هەیەو گەلی فەڵەستین وەك گەلێکی شۆڕشگێڕ دەبینم، کەچی هەرە زۆری فەڵەستینی بەحزبو ڕێکخراویانەوە، لەپرسی داکۆکی کورد لەمافی خۆی، هەق ئەدەن بەنەتەوەی سەردەستو دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەکان. ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

سایتی شارپرێس

# کەیفی

کەیفی ناوی فەتحوڵڵایە، بەکەیفی جوانڕۆیی ناوبانگی دەرکردووە. زانیاری لەبابەت ژیانییەوە زۆر کەمە. لەبارەی جێگەی لەدایکبوون و ژیانی بەرایی شاعیرەوە حاجی قادری کۆیی دەڵێت: لەکوێرە دێیێ کەکەیفی تیا بی فیردەوسە جەهەننەمە کەنەما (کەیفی) شاری قوستەنتین ناوی کوێرەدێ لێرەدا دوو واتا هەڵدەگرێ: یەکەمیان ئەو گوندەی کەیفی تێیدا لەدایک بووەو ژیاوەناوی کوێرەدێ بووە، دووەمیان گوندێکی بچووک و کاول و بێ بایەخ. کەیفی لە ساڵی 1814 لەو گوندەی ناوچەی جوانڕۆ لەدایک بووە. لەبەر هەر هۆیێک بێ یا وەک فەقێیێک مەڵبەندی خێزانی خۆی و باب و باپیرانی بەجێهێشتووە و لە کۆیە نیشتەجێ بووە، ئەو کاتەلەتەمەنی مێردمنداڵیدا بووە. بەپێی ئەو زانیارییانەی حاجی قادری کۆیی دەریدەبڕێ دەبێ کەیفی لەشارەزوور لەدایک بووبێ، لەبەر ئەوەبەشارەزووریش ناوبانگی دەرکردووە. لەوانەیەڕاستییەکەئەوەبێ کەیفی خەڵکی جوانڕۆ بێ، قۆناغی یەکەمی کۆچکردنەکەی شارەزوور بووە، لەوێوەلەدەوروبەری ساڵی 1863 ڕووی کردۆتەکۆیە. وەکوو هەموو فەقێییکی بێگانەبووەبەمیوانی مزگەوت بە مەبەستی زیندەگانی و تەواوکردنی خوێندنی حوجرە. کەیفی لەلای مەلا عەبدوڵڵای جەلی خوێندوویەتی. لەودەمەدا کۆمەڵێک لەمەلا و فەقێیانی مزگەوت دەمیان لە شیعر شیعرێن و شەرەشیعریان دەکرد. وا ڕێک دەکەوێ شێخ ڕەزا ماوەییێک لەکۆیەدەژی بە مەبەستی خوێندن و میوانی شێخ غەفووری مامی دەبێ. لەسەر شیعر وتن ناخۆشی دەکەوێتەنێوان کەیفی و شێخ ڕەزا و ئەو کەسانەی دەم لە شیعر دەدەن. ئەنجامی ئەم مەسەلەیەدەگاتەئەوەی کەیفی ڕیسوا ببێ و هیچی بۆ نەمێنێتەوەتەنیا ئەوەنەبێ لە ساڵی 1869 کۆیەبەجێ بێڵێ هەتا هەتایە، بەڕێگەی هەولێر و مووسڵ و حەڵەب ڕوو بکاتەئەستەموول. لەوێ حاجی قادر جارێکی تر دەست لەملی یەکتری دەکەنەوە. دەڵێن کەیفی لەئەستەموول پەیوەندی لەگەڵ باڵیۆزخانەی فەرەنسا بووەو شارەزایی لەزمانی فەرەنسی پەیدا کردووە. وا دەگێڕنەوەکەیفی تەنیا هۆنەرەوەی شیعر نەبووە، بەڵکوو دەس ڕەنگین و وەستای کۆڵین (زەنگوگراف و لیتوگراف) و دارتاشین و مۆزاییک و گرافیک و خەت خۆشیش بووە.



کەیفی لە ساڵی 1883 لەئەستەموول کۆچی دوایی کردووە. تا ئێستا گۆڕی نەدۆزراوەتەوە. نموونەیەک لە شیعری کەیفی جوانڕۆیی:

پەرچەم و زولفی کافرە مەستە
چاوەکەی غارەتی دین و دولبەرە
پەرچەم و زولفە خاوەکەی بۆنی لە
میسک و عەنبەرە زوڵفی سیاهی
وەک زرە تاکو دەگاتە کەمبەرە
شکەن شکەنگرە گرە حەڵقەی چین
و چەم بەرە لە چینی زوڵفی تا بە
تا، خوتەنی خۆتەن خەنا خەتا لە
پێچی پەرچەمی هەتا نەزەردە کەی
موعەتەرە ڕوومەتی مەهی
(نەخشە بی)ی خەئی غەریبی لای
لەبی موتلعی چاهی غەبغەبی
( خدر))سەر ئابی کەوسەرە قەد و
باڵا و ئافاتە، قامەتی یا قیامەتە
ناز کەری نەزاکەتە ئافەتی جوملە
کیشوەرە کەیفی لەبەر گرینی تۆ،
کاوە لە مەنزڵی( دڵی) سینە لەبەر
گرینی تۆ، کون کونە میسلی
پەنجەرە.

کوردپیدیا

# چیرۆکی عیشـــقێکی نامـــۆ

## وەرگێڕانی بـۆ کـــوردی

## عمـــر محمـــود پیرۆت



لە بەرواری (١٦ ــ ١ــ ١٩٠٤) لە گەڕەکی بلاک هارتی باشوری لەندەن لەدایک و باوکێکی ئێرلەندی کچۆلەیەکی جوان لە دایک بوو . ناویان نا دۆرسی .

) دۆرسـی لویـز ئیـدی (. لەتـەمەنی سـێ ساڵیدا و لەکاتی یاریکردن لەماڵەوە ، لەسەر پلیکانەکانی قاتی سەرەوەی ماڵەکەیان کەوتەخوارە و سەری بەر زەوی کەوت و لە هۆش خۆی چـوو، کە پزیشکی خێزانەکەی بانگکراو گەیشتە سەری و پشکنینی بۆ کرد ، گوتی مردووە . داوای کرد ئامادەی بکەن بۆ ناشتنی . ئەوەی بۆ دایک و باوکی جێی سەرسوڕمان بوو ، ئەوەبوو دۆرسی بەئاگا هاتەوە . وەک ئەوەی هیچ ڕوینەدابێ . تەندروستی زۆر باش بوو . پاش ماوەیەک ئەم کچە بچکۆلە دەستیکرد بە نوزە نوزو دووبارەی دەکردەوە و دەیگوت :" دەمەوێ بڕۆمەوە ماڵەوە "

دایک و باوکی کە پێیان دەگوت ئێرە ماڵەوەیە ، ئەو تورە دەبوو . دووبارەی دەکردەوە و سوربوو لەسەر ئەوەی کە ئێرە ماڵی ئەو نیە و باسی ماڵی خۆی دەکرد کە چۆنە و چۆن نیە . دایک و باوکی نەیاندەزانی کە ئەم ڕوداوە ڕێڕەوی ژیانی کچەکەیان بەتەواوی دەگۆڕێ لە (دۆرسی لویز ئیدی) هاونیشتیمانی بەریتانیەوە بـــۆ ( أم سـیتي) دۆزەرەوەی شوێنەوارە میسریەکان . ئەو ژنەی لەمیسر ژیانی لە نێوان گۆڕستان و پەرستگاکاندا بەسەربرد تا کۆتایی ژیانی کە بەتەنیشت خۆشەویستەکەیەوە ( سیتی یەکەمی ) پادشا لە ناوەندی بلینا لە پارێزگای سـۆهاج بەخاک سپێردرا .دوای تێپەڕبونی ساڵێک بەسەر ڕوداوی کەوتنە خوارەو بورانەوەو وەئاگاهاتنەوەی دورسی ، باوکی بەگەشتێک لەگەڵ خۆی برد بۆ مۆزەخانەی بەریتانی .

هەرئەوەندە دۆرسی چاوی کەوتە سەر پەیکەری فیرعەونەکان ، دۆخی بەتەواوی گۆڕا . دەستیکرد بە سوڕانەوە بەدەوری ئەو پەیکەرانەداو ماچکردنی قاچیان و هاوارکردن نیشتیمانەکەم ، نیشتیمانەکەم . باوکی و هەموو ئەوانەی لەو ناوە بوون سەریان لە ڕەفتاری ئەو منداڵە سوڕما . بەناچاری باوکی دووری خستەوە بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی بێزارکردنی سەردانیکەرانی مۆزەخانەکە .کاتێک تەمەنی گەیشتە دە ساڵی سەرنجی زانای شوێنەوارناسی ئینگلیزی بەناو بانگ ( سێر بادج ) ی ڕاکێشا ، کە تێبینیکرد خولیای زۆری بۆ شوێنەواری میسـری هەیە .


(سێر بادج) بڕیاریدا بە خۆبەخش دورسی فێری زمانی هێرۆگلیفی بکات . ( سێر بادج) بەخێرا فێربونی سەرسام بوو . کاتێک دەربارەی ئەو توانایەی لێی پرسی :

لەوەڵامدا دۆرسی گوتی:( ئەو تەنها ئەوەی بیردێتەوە کە پێشتر فێری بـووە)

سور بوو لەسەر ئەوەی لەو ڕابوردووە دوورەوە هاتووە و لەژیانی پێشتریدا بەشێک بووە لە دەست و پێوەندەکانی کۆشکی ( سیتی ) فیرعەون .

ئەو خەونەی بۆ گێڕایەوە کە بینیویەتی کاتێک فیرعەون ( سیتی یەکەم ) هاتۆتە خەوی و پێیگوتووە بگەڕێتەوە نیشتیمان .

لەدەورو بەری ساڵی ( ١٩٢٧ )خێزانەکەی دەگوازنەوە بۆ ناو لەندەن . کارێک کە وایکرد دورسی حەزو خولیای خۆی تێربکات لە خوێندنی ئەوەی پەیوەندی بە شوێنەوارو مێژوی دێرینی میسرەوە هەیە . پەیوەندی بە قوتابخانەی هونەرەوە کردو پسپۆڕی لە هونەری کۆندا بەدەست هێنا .





لەو کاتەدا گەنجێکی میسری ناسی کە بۆ خوێندن هاتبووە لەندەن . ئەو گەنجە ناوی ( إمام عبدالمجید ) بوو . پەیوەندی نێوانیان پەرەی سەندو بەهێز بوو . دوای سێ ساڵ هاوسەرگیرییان کردو تاکە منداڵیان بوو کە دۆرسی بڕیاریدا ناوی لێ بنێ ( سیتی ) .

لەساڵی( ١٩٣٣ ) لەگەڵ هاوسەرەکیدا بۆ یەکەمجار سەردانی میسری کرد . هەرلەگەڵ دابەزینی لە بەندەری پۆرسەعید ، چەمایەوەو کەوتە سەر ئەژنۆ و ماچ کردنی زەوی . بەفرمێسکەکانی شۆستەی بەندەری تەڕکرد . هاوسەرەکەی هەلێکی کاری لە عێراق پێگەیشت . بەڵام دۆرسی ڕەتیکردەوە میسر جێبهێڵێ . ئەوەبوو لێک جیابونەوە . پێدەچێ هاوسەرەکەی ( سیتی ) لەگەڵ خۆی بردبێ . چونکە لەوە بەدواوە لەگەڵ چیرۆک و بەسەرهاتەکانی دایکی ناوی نەهاتووەو باس نەکراوە .

لە چیرۆکی تەواو نەکراوی ژیانیدا کە دۆرسی نوسیویەتیەوە لەساڵی ( ١٩٧٢) باس لە سەردانەکانی خوداوەند (حور ڕەع ) دەکا لەخەویدا بۆ لای . لەو خەوانەدا پێیگوتووە ئەو کچێکی میسریەو ناوی (بنترشیت) ە لە باوکێک کە لە بواری سەربازیدا کاردەکات و دایکێکی سـەوزە فرۆش لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پادشا ( سیتی یەکەم ) لە ساڵانی (١٢٩٠ ــ ١٢٧٩ ) پێش زایینی .

دوای مردنی دایکی ، باوکی توانای بەخێوکردنی نابێ . بۆیە دەیبەخشێتە پەرستگای (ئەبیدۆس ) بۆ ئەوەی وەک کاهینێک لە خزمەتکردنی خوداوەندا کار بکات . گەورە دەبێت و دەبێتە کاهینێک لە کاهینەکانی پەرستگا .

لەسەردانێکی پادشا ( سیتی یەکەم ) بۆ پەرستگا ، چاوی دەکەوێتە سەر و بەجوانیەکەی سەرسام دەبێ . لێرەوە دەبێتە یەکێک لە دڵخوازەکانی پاشا و لێی دوگیان دەبێ .

لەبەر خۆشەویستی زۆری بۆ پادشاو ترسی لە داهاتوی سیاسی پادشا بەهۆی ئابرووچونی پەیوەندی نەهێنی نایاسایی لەگەڵ کاهینێک لە کاهینەکانی پەرستگا ، خـۆی دەکوژێ . لێرەدا خەونەکە کۆتایی دێ .

بابچینەوە سەر چیرۆکی ( دۆرسی )

بەپێی ئەو سەرچاوانەی دەگێڕنەوە ئەو چیرۆکە هۆکاری گواستنەوەی بووە لەبەشی کۆتایی ژیانیدا بۆ پەرستگای ( ئەبیدۆس ) و ناونانی بە ( أم سیتی ).

دوای لێکجیابونەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی دۆرسی دەگوازێتەوە بۆ ناوچەی (نزلة سلمان ) لەنزیک ئەهرامەکانی جیزە و لەوێ دەژی . هەرلەوێ دەست دەکات بە وێنەکێشان و تۆمارکردن و نوسین . جگە لەوە هەڵدەستێ بە چەند ڕێوڕەسمێکیش لەبەردەم ئەهرامەکاندا کە لە نوێژ کردن دەچێ .

لەو ماوەیەدا شوێنەوار ناسی ناسراو دوکتۆر ( سليم حسن ، ١٨٦٨ - ١٩٦١) کە خەریکی کنەو پشکنین بوو ، لە ناوچەی جیزە ، زۆری دەربارەی دورسی بیستبوو. ئەوەبوو بانگهێشتیکرد بۆ ناوچەی شوێنەواری جیزەو کاری وێنەکێشانی پێدا لە گەڵ تیمە شوێنەواریەکەی خۆی.

لەمیانەی کارکردنیدا دورسی بەشداریکرد لە کێشانی وێنەکانی ئەو ئینساکلۆپیدیا گەورەیەی دوکتور حەسەن دەینوسی لەژێر ناونیشانی ئینساکلۆپیدیای میسری کۆن .

دورسی بوو بەیەکەم ژن کە لە دەزگای شوێنەوارناسی میسریدا کاریکرد دوای کۆتاییهاتنی کارکردنی لە تیمەکەی دوکتۆر سەلیم حەسەندا ، دەگوازێتەوە بۆلای شوێنەوارناس دوکتور ( احمد فخري ) لەناوچەی دەهـشور

لەساڵی (١٩٥٦) بڕیاردەدا بەدەنگ بانگەوازی ڕوحیەوە بچێ و ڕوبکاتە باشوری میسر . بەدیاریکراوی بۆ شوێنەواری (گوندی ئەبیدۆس) کە بنکەیەکی گرنگی ئاینی میسری کۆن بووە بۆ پەرستنی خوداوەند ( ئوزیریس ).

هەرئەوەندە دەگاتە ئەوێ بە پشکنەرەکانی شوێنەوارەکان دەڵێ ئەمە ماڵی ئەوە . بێگومان پشکنەرەکان باوەڕی پێناکەن . ئەویش هەندێک لەو نەخشانەیان پیشان دەدا کە تازە دۆزراونەتەوەو بۆیان دەخوێنێتەوەو ئاماژەو ماناکانیان بۆ شیدەکاتەوە . کارێک کە پشکنەرەکانی سەرسام کرد . لەوەوە ناویان نا (خانمە ڕەفتار نامۆکە ) .

دورسی هەرئەوە نەبوو ببێتە مایەی سەرسامی و سەرسوڕمان ، بەڵکو لەلایەن ژنانی گوندەکەوە ڕەتکرایە و ترسی ئەوەیان لێ هەبوو بە هۆی جوانیەکەیەوە کاریگەری بخاتە سەر مێردەکانیان و کێشەی خێزانیان بۆ دروست بکات . کار گەیشتە ئەوەی بەردبارانی بکەن . بەڵام ئەم بەردەوام پێداگری دەکردو دووپاتیدەکرەوە کە ئەوێ ماڵی خۆیەتی لەکۆتاییدا خێزانێکی گەورەی ئەو ناوچەیە بەزەییان پێدا هاتەوەو گەنجێکیان تەرخانکرد بۆ پاسەوانی کردنی و پاراستنی .

دواتر لەڕێگەی دوکتۆر (سلیم حسن) وە کارێکی لە پەرستگای (ئەبیدۆس) دەست دەکەوێ .

لێرەوە ( أم سیتی ) دەبێتە نازناوی دورسی . لەماوەی کارکردنیدا لە( ئەبیدۆس) سەرکەوتنی باش بەدەست دێنێ لە وەرگێڕانی چەندین دەقی هیرۆگلۆفی لە پەرستگا .هەروەها باخچەی پەرستگا دەدۆزێتەوە و بەشێکی زۆری لێ نۆژەن دەکاتەوە . لەپای هەوڵەکانی دەستەی شوێنەوار بڕیاردەدا کارکردنی درێژ بکاتەوە بۆ دوای خانەنشین بون .

(أم سیتي ) ماوەی ٢٥ ساڵ لە (ئەبیدۆس ) ژیا . لەو ماوەیەدا ناوبانگی دەرکرد بە گرنگیدان بە ڕەسەنایەتی نەریتە کلتوریەکانی خەڵکەکە و بەستنەوەیان بە مێژوی کۆنی میسر کە بەدۆکیومێنتی کردن و لە کۆمەڵێ وتاردا لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ - ١٩٧٠ نوسینیەوە کە زانای بواری شوێنەواری میسری (نیکۆڵا هانسن ) لەساڵی(١٩٨٠) جارێکیتر بڵاویکردنەوە .دوای خانەنشین بونی بەفەرمی لە ساڵی (١٩٦٩)دەستەی خانەنشینی جارجارە داوای هاوکارییان لێدەکرد و ڕێگەی پێدەدرا ڕینوێنی گەشتیاران بکات . هەڵدەستا بە هەندێ کاری دەستیش کە ڕەزامەندی گەشتیارانی بەدەست دەهێنا .

پەیوەندی باشی لەگەڵ شاژنی بەریتانیا و ( جمال عبدالناصر) هەبوو .

(أم سیتي ) ناوبانگی جیهانی بەدەستهێنا . وەفدە گەشتیاریەکان سەردانیان دەکرد . بەتایبەتی لە ( ئەبیدۆس ) بۆ گوێگرتن لە چیرۆکەکەی . ناوبانگی دەرکردو زور بڵاو بــــۆوە .

سەردانیکەرانی ناوچەی (ئەبیدۆس) لە بیانیەکان و ئەوانەی گرنگییان بە شارستانیەتی فیرعەونی دەدا سەردانیکردنی ئەویان لە پێشینەی پلانی سەردانەکانیان دادەنا . کتێبی زۆری لەسەر نوسراو توێژینەوەی زۆری دەربارە ئامادەکرا .

تەلەفزیۆنی ( BBC ) ی بەریتانی هەستا بەکاری فیلمێکی دۆکۆمێنتاری تۆماری دەربارەی (ام سیتي ) کە دوای مردنی بڵاوکرایەوە .ئەو فیلمە بوو بە دۆکۆمێنتێکی مێژوویی بۆی چونکە بە دەنگی خۆی تۆمارکراوە .

(ام سیتي ) تائێستاش لە گوندی (ئەبیدۆس ) ناسراوە . سەرەڕای تێپەڕبونی چل ســـاڵ بەسەر مردنیدا ئەو خانووە سادەو ساکارەی تیایدا ژیاوە هەر ماوە و خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن .

( ام سیتي ) لەبەرواری ( ٢١ ـ ٤ ـ ١٩٨١ ) کۆچی دوایکرد . لەو گۆڕستانە نێژرا کە پێش مردنی خۆی بۆخۆی ئامادەکردبوو ، کە زۆر بەتەنگ ئەوەوەبوو دوور بێت لە گۆڕستانی موسوڵمانان و مەسیحیەکان . بەڵام نزیک بێت لە کەسوکارە میسریە کۆنەکانی .

ســـــەرچاوە: https://www.good-news.ca/20641

# دژ

## عەتای کلاسیک



چاک دەزانم ئەو هەموو گریانەم قەرەبووی زەڕڕەیەک خەمی معشوق ناکات، ژیان ئەو پێنج و دوو ڕۆژە عومرەبوو کەنێرگس ئاسا لارەملی فەنا بووین، کام فەرهاد نەبەکام نەبوو؟

کام شیرین ویردی ناڵەی بێستون نەبوو؟

خۆ (نزاریش)گوتی: (اشهدو لا امرة الا انت)

ئەوە لۆگۆیەکی ئادەمییەو لە ناوچەوانی نەوەکانی ئادەم دراون.

---

لەهـەردەیدا دەبێ نێـرگس بەرابەر خوا لە نوێژا بێ

وەنەوشـە سوجـدەکەی کێشا مل کەچی دین و ئیمانە

بە گوێـرەی حـاڵ دژی یەکـتر ئەگەر ئاگرو ئاو دژ بن

بە (بـا)کەی فەرشـی نەسیما نـەو بـەهاری بەهـارانە

لە بـۆ کۆتا دەمی مـەیلی سینەوبەرکا سـەراسەر ژین

بە ویـردی قومـری ناڵەی بێ دەستەو نزای دیوەخانە

کـە بەدبەختیم ئەزەڵ هێنای مەگەر چارەکاری مەرگە

ئەگەر پایـز لە گـەواڵـەی وە گەر تەمـوزی بارانـە

نە کـردەی کاروباری من سەری کێشاوە سەرکێشیـم

بە سـەردا ڕۆ دەچـێ بازی قـاقـڕی پاشی سووتانـە


لە کاکـەشـدا تێڕو باری ئەگەر کێشـی هەموو جاڕی

هەناسەی گەردەلولێکـن ئەگـەر دوو دانە هەر( کا) نە

لە دوو دنیا ئەگـەر خوڵکی لەبەر دڵدا بەهەشتـی خوا

(عـطا) ی لوقمێکـی دڵدانە باوەشێکی خەرامانــــە.



# بیرەوەری ویادەوەریە،تاڵ و ناخۆشەکانی ڕۆژە تووشەکانی گوندی شاناخسێ



## عەلی محەمەد چوارتایی

مەرگ چەند مەترێک لەجەستەمانەوە نزیک بوو..
پارچەی گەرمی ئاسن نەی دەتوانی وورەمان بڕوخێنێ..گیرفانەکانمان خاڵی بوو،بەڵام قاقا وبزەی سەر لێوەکانمان ئاڵتوونی بوو..زۆر جار مەرگ دەگریاو لەئاسمانی دووکەڵاوی شاناخسێ هەڵدەهات.نەی دەوێرا بێتەوە بۆناوبۆنی کیمیاوی شاناخسێ
حەمەعلی.

1987-4-24لەشاناخسێ ڕۆژێکی پڕ لەئازار بوو؟
مانگی چواری ساڵی1987(لەشاناخسێ) شەو ڕۆژەکانی پڕ لەکارەسات و بیرەوەری ناخۆش ودڵتەزێن بوو،بۆ پێشمەرگەکانی تیپی37شارباژێڕ..
ڕۆژی23-4-1987 چەند پێشمەرگەیەکی تیپی37شارباژێڕ دەچوون بۆلای خێزانەکانیان لەشاری(سەردەشت) بەهۆی هێرشەکانی ئێران وعێراق خێزانی ماڵە پێشمەرگەکان بۆپاراستنی گیانیان ڕەوانەی شاری سەردەشت کران،ئەم پۆلە پێشمەرگەیە بەشێکیان خێزاندار بوون،دەچوون بۆلای خێزانەکانیان،لەشاناخسێوە سواری سەیارەیەکی سەربازی ئێرانی بوون،لەگوندی مەروێوە پەڕینەوە بۆگوندی زەڵێی ئەوبەری ئێران،لەوکاتەدا تۆپبارانی گوندی زەڵێ کرا،تۆپێک لەنزیک سەیارەکەی پێشمەرگەکان درا بەزەویداو سێ پێشمەرگەی تیپی37شەهید بوون.
1.شەهید محمود شاناخسێی.
2.شەهید شاخەوان سەراوی.
3.شەهید عومەر سوورەقەڵاتی..چەند پێشمەرگەیەکی تیپەکەمانیان لەگەڵدا بوو.تەرمی شەهیدەکانیان برد بۆ(بانە) هەواڵ گەیشت بەتیپەکەمان کە سێ پێشمەرکەمان شەهید بوون.ڕۆژی24-4-1987 تیپ شەهید خالید ژاژڵیان نارد بۆ بانە بۆهێنانەوەی تەرمی( سێ)شەهیدەکە بەداخەوە لەنزیک گوندی (بڵەسەن)سەیارەکەی خالید ژاژڵێی وەڵگەڕاو.خالید ژاژڵێی وتایەر پێنجوێنی شەهید بوون،تەرمەکانیان بردن بۆ بانە..
هەمان ڕۆژ تەرمی.شەهید محمود.شاخەوان.عومەر سوورە قەڵاتی،لەبانەوە هێنایەوە بۆ شاناخسێ وبەخاکمان سپاردن،بۆڕۆژی دوای25-4-1987 تەرمی پیرۆزی شەهید خالید وشەهید تایەر پێنجوێنیان لەبانەوە هێنایەوە بۆ شاناخسێ بەخاکمان سپاردن.تەرمی پیرۆزی هەر(5 )شەهیدە بەجلەکانی خۆیانەوە نێژران لەبەر تۆپباران بۆمبارانی فڕۆکەکانی بەعس شەهیدەکان نەشۆران،ئەوکاتەی شەهید تایەرو شەهید خالید ژاژڵێیان ناشت،کفن نەبووە.پێشمەرگەی دێرین خاڵە عەتا چوارتایی،دەگەڕا بۆخام بۆ شەهیدەکان بەڵام نەبوو..خاڵە عەتا ووتی:کێتان قوماش یان شتێکی زیادەتان هەیە بۆکفنی شەهیدەکان؟ من وپێشمەرگەی دێرین کاک خەلیل شاناخسێی،پێشمەرگەی کەرتی(3) یەکی سێ مەتر قوماشی خاکیمان هەبوو،بردمان بۆگۆڕستانەکەو کردیان بەکفن بۆ شەهیدەکان..شەهیدەکان نەشۆران بەجلە خوێناویەکانی خۆیانەوە نێژران..دوایش سەرجەم پێشمەرگەی تیپەکەمان گەڕانەوە بۆ مقەڕەکانی خۆیان لەکاتی گەڕانەوەمان چەند فڕۆکەیەکی بەعس هاتن بۆمبابارانی تیپەکەمانیان کردوو،دوو پێشمەرکەی ئازایان شەهید کرد.
شەهید جەلال شارە زووری وشەهید عەزیز کەناروێی.ڕۆحی نەمران شاد بێ وهەزار چەپکە گوڵی ڕازاوە بۆگڵکۆو مەزاری پیرۆزیان..
لەماوەی سێ ڕۆژدا.لەشاناخسێ( 7)پێشمەرگەی تیپی37شارباژێڕ



# بەڵای گەندەڵی

محەمەد بەرزی

گەندڵی سیاسی بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی ، بۆ ئامانجی نایاسایی . یان : تاوانی بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی .بە گشتیش ئەم خیانەتە ناشیرینە بە نهێنی ئەنجامدەدرێت ،کەسانێکی چاوچنۆکی مفتەخۆر پێی هەڵدەستن ، کە تەنها خەیاڵیان لای گیرفانی خۆیانە و بە هیچ تێر ناخۆن ، هێز و دەسەڵاتی پێشێلکردنی یاسایان هەیە . ئامانجەکەشی بریتییە لە : ١ - دزی و فێڵ و ساختە . ٢ - وەرگرتنی بەرتیل و دیاری گرانبەها . ٣ - سپیکردنەوە و ئاودیوکردنی پارە . ٤ - یاریکردن بە ئەنجامی هەڵبژاردن و پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکان .. بێگومان هەموو دەسەڵاتێکی سیاسیش بە شێوەی جیاواز ، ئەگەری تووشبوونی بە پەتای گەندەڵی هەیە . گەندڵیش چەند جۆرێکە ، بڵاوترینییان بریتیین لە : خزمایەتی ، بەرتیل ، ڕووتاندنەوە وبەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی تایبەت . ئاشکرایە لە هەندێک وڵاتدا ، کە یاسا سەروەرە ، داواکاری گشتی و هێزی پۆلیس و ئاسایش ، دەسەڵاتی ڕەهایان هەیە و زۆر بە چاکی تواناى لێپرسینەوە و بەرەنگاربوونەوە و بنبرکردنی گەندەڵییان هەیە . بەڵام لە هەندێک وڵاتی تردا ، کە بنەماڵە و حیزبە سیاسییە خۆسەپێنەرەکان بە تۆبزی حوکم دەکەن ، یاسا و هەموو جومگەکانی دەوڵەت بە کەڵەگایی بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆرخدەکەن ، داواکاری گشتی و هێزی پۆلیس و دەزگای چاودێری ، دەبن بە پارێزەری گەندەڵکاران . هەر بۆیە لە ژێر سایەی ئەو جۆرە دەسەڵاتە پاوانخوازانەدا ، مافی مرۆڤ پێشێلدەکرێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ڕێژەی گەندەڵی هەڵدەکشێت و وەک خۆرە هەناوی کۆمەڵگا دادەوەشێنێت .ڕاستەوخۆش کاردەکاتە سەر داهاتی وڵات ، بەمەش هەموو کەرتە گرنگەکان ، تووشی پشێوی و پاشەکشە و دواکەوتن دەبن .

گەندەڵی یەکێکە لە مەترسییە هەرە گەورەکانی بەردەمی پرۆسەی بوژاندنەوەی ئابوری . لە بواری سیاسیشدا ، شکستی گەورەی بەردەمی دیموکراسی و حکومەتی پاکی نیشتمانییە . لە هەڵبژاردنەکانیشدا ، پرۆسەی هەڵبژاردن و دامەزراوەکانی یاسادان تووشی ئیفلیجی دەکەن . پەرلەمان دەبێتە پەرلەمانێکی کارتۆنی دەستەمۆی بێ ئیرادە ، کە هیچ ڕۆڵێکی لە یاسادانان و بڕیارە سیاسییەکاندا نابێت و لا لە کێشە ڕەواکانی خەڵکی ناکاتەوە . لە دادگاکانیشدا ئەوەی بوونی نەبێت سەروەری یاسایە . پاشان گەندەڵی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ، دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی و بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری و دانانی کەسانی نەشیاو لە شوێنی شیاودا و هەموو دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان لە ئەرکەکانی خۆیاندا پاشەکشەدەکەن . دامەزراوەکانی دەوڵەتیش تووشی کەمتەرخەمی و بێسەروبەری دەبن ، خزمەتگوزارییەکان بە شێوەی یەکسان دابەش ناکرێن ، کۆمەڵگا دووچاری قەیران و پشێوی و برسێتی دەبێتەوە . حکومەتیش جگە لە حکومەتێکی پۆلیسی ستەمکاری بەرژەوەندی خواز ، هیچی تر نابێت . باشترین نموونەش حکومەتی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عیراقە . دیارە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵیش زۆرن ، کە لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین :

١ - نەبوونی دیموکراسی . سەرۆک و ئەندامانی خێزانەکەی هەموو شتێکن ، هیچ کەس و لایەنێکی خوارخۆیان ناتوانن بە بڕیار و ڕێنماییەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن .

٢ - پێشێلکردنی یاسا و لاوازی دادگاکان و دەزگای چاودێری .

٣ - نەبوونی ئازادی ، کە دەسەڵاتی خۆسەپێنەر هۆکارێکە بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی گشتی و سەرکوتکردنی دەنگی ئازاد . بەمەش گەندڵکاران بێ ترسی فشار و دەنگی ڕکابەر ، بەردەوامی بە خیانەت و گەندەڵی خۆیان دەدەن .

٤ - هەژاری و کەمی مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و بێکاری و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و گوزەران .

٥ - نە بوونی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا و پڕکردنەوەی پۆستە گرنگەکان ، لە لایەن خزم و دۆست و نۆکەرە بێ تواناکانی گەندەڵکارانەوە.

٦- ڕەوشت ، دیارە ڕەوشت پاڵنەری سەرەکی هەموو مرۆڤێکە بۆ کاری چاکە ، یان خراپە . کەسانی خاوەن ڕەوشتی بەرز و دەستپاکی ڕاستگۆی لە خواترس ، دوورن لە خیانەت وخراپە ، بەڵام بە پێچەوانەوە کەسانی بێ ڕەوشتی چاوبرسی ، گوێی نادەنە دزی و خراپە و سەرپێچی ، کۆش لە هیچ ناکەن و بە ئاسانی دەستدرێژی دەکەنە سەر مافی کەسانی تر .

٧- بەکارهێنانی سامانی گشتی بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان .

٨ - باج وەرنەگرتن لە کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت ، کە سەر بە دەسەڵاتن و زیادکردنی باج و سەرانە لەسەر هاوڵاتییان .

٩- لاوازی ڕۆڵی کۆمەڵگا و دامەزراوەکان ، لە چاودێریکردن و دۆزینەوە و ئاشکراکردنی گەندەڵیدا .

١٠- بێباکی و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی هاوڵاتییان ، کە بە ئاسانی لە خشتەدەبرێن و پشتگیری و هاوکاری دزەکان دەکەن ، لە هەڵبژاردنەکانیشدا دەنگییان پێدەدەن ، لە هەمان کاتدا بێ توانایی ڕای گشتی بۆ دیاریکردنی لایەنی سیاسی پاک و دڵخوازی خۆیان .

ئەوەی شایانی باسە گەندەڵی هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی گەلان و ڕوخانی پایەکانی دەوڵەت و شارستانییەتە ، لە ئەنجامیشدا دەوڵەت ڕووبەڕووی لاوازی و پووکانەوە دەکات و بە ئاسانی تووشی هەرەس و نسکۆ و نەمانی دەکات . ئاشکراشە ئەمڕۆ سیاسییەکان و دەسەڵاتدارانی کورد ،لە هیچ گەندەڵییەک خۆیان ناپارێزن . هەموو خەون و خولیا و سەودایەکی ژیانیان تەنها پارە و سامانە . کار گەیشتۆتە ئەوەی هەر لە پێناوی پارەدا ، هەزاران خانو و باڵەخانە و زەوی و زار بە عەرەب بفرۆشن و دیموگرافی و شوناسی ڕەسەنی شار و گوندەکانمان ، وەکو کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بگۆرن ، ئەوەی بەعسیش بۆی نەکراوە بۆی تەواوبکەن . پاش چەند ساڵێکیش حکومەتی عیراق بە تۆپزی لە هەرێمدا سەرژمێری بۆ ڕێژەی کورد و عەرەبمان بۆ بکات جا ئەو کاتە سیاسییە خەمساردە بازرگانەکان ، چییان بۆ کەرکوک و خانەقین کردووە ، هەر ئەوەندەشییان بۆ سلێمانی و هەولێر و دهۆک پێ دەکرێت . هەر خواش خۆی دەزانێ چارەنووسی ئەو میللەتە کلۆڵەمان بەرەو کام هەڵدێر دەڕوا .

لەدواجاردا ئەوە ماوە بڵێم : ئەمڕۆ لە کۆمەڵگاکەماندا هەموو جۆرەکانی گەندەڵی ( سیاسی ، ئابوری ، خاک فرۆشی و بەدڕەوشتی ) ئەوەندە بڵاوە ، دۆخێکی وایان هێناوەتە کایەوە ، کە بە درێژای مێژوو میللەتەکەمان تووشی بارودۆخی وا خراپ نەبووە . ئەوەتا خەڵکی لە تاو برسێتی و نەداری و بێکاری و زوخاوی هەرا و بەڵاوە ، ئەوەندە ناخیان وێرانە، بە ناچاری ئاوات بە نان و ئاو و کارەبا و شــەقی داگیرکەران دەخوازن .. بە ڕاستی مرۆڤی ژیر و بە ئاگا ناتوانێ سەر لە کاری ئەم دەسەڵاتە بێباکە دەربکا ، هەر دەڵێی قورقوشمی کراوەتە ناو گوێی ، نازانێ لێشاوی دزی و گەنـدەڵی و زۆر و ستەم ، تەخت و تاراجی زۆرداران ڕادەماڵێ و کارەساتی گەورە و گران بە دوای خۆیدا دەهێنێ .

تێبینی : بۆ ئەم باسە سود لە چەند سایتێکی عەرەبی وەرگیراوە .









# دۆرۆتی ستریت لە چوار ساڵیدا لە گیتس تۆمارکرا

## وەرگێڕانی : ڕەزا شوان

کچۆڵە (دۆرۆتی ئێلمهایزەر ستریت) لە ڕۆژی (٢٥/ ئایاری/ ١٩٥٨) لە شاری (واشنتۆن)ی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و نووسەر و هونەرپەروەر لە دایک بووە. باپیرانی لە ساڵی (١٦٣٥) لە (لەندەن)ی پایتەختی ئینگلتەراوە، هاتوون لە واشنتۆن ئەمریکادا نیشتەجێبوونە. دۆرۆتی بە ناوی داپیرەیەوە ناونراوە، کە بە ژنێکی چالاکوانی خێرخۆازی و کۆمەڵایەتی ناسراو بوو.
ناوی دایکی دۆرۆتی "بێلنیدا سی ستریت"ە، پزیشکێکی دەروونی، بەناوبانگ بوو. لە نۆریگە تایبەتی و پسپۆرییەکەیدا لە واشنتۆن، خۆبەخشانە چارەسەری کچان و ژنانی قوربانیانی دەستریژیی سێکیی دەکرد.
باوکی دۆرۆتی "مایکل ویتنی ستریت" ڕۆماننووس و پاترۆنی هونەر بوو.
دایک و باوکی دۆرۆتییان زۆر خۆشدەویست، هەر لە منداڵییەوە هۆگری خوێندنەوە بوو.
کاتێک کە دۆرۆتی ستریت، لە ساڵی (١٩٦٢) دا، تەمەنی تەنیا (٤) ساڵ بوو. دایکی پرسیارێکی لە بارەی دروستکردنی جیهانەوە لێکرد:" کێ جیهانی دروستکردووە ؟". لە سەرەتادا وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە. بەڵام دوای پێداگرتنی دایکی بۆ ئەوەی دۆرۆتی وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە. دۆرۆتی بە نووسین و بە وێنەکێشان وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە، ئەو پەرتووکەی داهێنا و نووسی. کە جێی سەرسووڕمانی دایک و باوکی بوون. پەرتووکەکەی بە ناوی"جیهان چۆن دەستی پێکرد؟" وەیە. باوکی ناردی بۆ خانەی "بانتیۆن" بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. لە دوای دوو ساڵ لە نووسینی پەرتووکەکە، لە ساڵی "١٩٦٤" دا چاپکرا و بڵاوکرایەوە. دۆرۆتی ستریت بوو بە بچووکترین نووسەری جیهان، ناوبانگی دەرکردوو و چەندین جار ئەم پەرتووکە چاپکرایەوە، تا ئەمڕۆش لە ئینتەرنێت لە ئەمازۆندا دانراوە و دەفرۆشرێت.
ئەم پەرتووکە، لە ڕوانگەی دۆرۆتی، کچۆڵەیەکی تەمەن چوار ساڵانەوە، تەواوی چیرۆکی سەرەتای ژیان دەخاتەڕوو. کە بە خەیاڵی خۆی، بە دڵێکی پاک و بێتاوانی و ساوێلکەییەوە. خودا دێنێتە خەیاڵی و وێنەی دەکێشێت و باسی دەکات، کە چۆن جیهانی دروست کردووە.
گەورەترین نهێنیی و سەرسوڕمان لەوەدایە ، کە دایک و باوکی، هەرگیز چیرۆکی دروستکردنی جیهانیان بۆ دۆرۆتی نەگێڕاوەتەوە.
ناوی دۆرۆتی ستریت وەک بچووکترین نووسەری نووسین و بڵاوکردنەوەی پەرتووک لە تۆماری "گیتس" بۆ ریکۆردی پێوانەیی جیهانی تۆمارکرا.
ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ڕاپۆرتێکدا، بڵاویکردۆتەوە:" ئێمە سەرسام بووین، بەو چەمکە جۆراوجۆرانەی کە دۆرۆتی خستویانییەتە ناو پەرتووکەکەیەوە".
شایەنی باسیشە بەپێی هەواڵێکی گۆڤاری "کێرس ریڤیوز" دۆرۆتی ستریت، تەنیا لە یەک شەودا، تەواوی پەرتووکەکەی نووسی و تەواوی کرد.
بەداخەوە، دۆرۆتی لە تەمەنی دواتردا، لە نووسین بەردەوام نەبوو. تەنیا هەر ئەو پەرتووکەی نووسی و بڵاویکردەوە. بەڵام ئەوە لە بایەخ و لە گرنگیی پەرتووکەکەی " جیهان چۆن دەستی پێکرد؟" کەم ناکاتەوە.
(*) بۆ ئەم نووسینەم، سوودم لە چەندین، ماڵپەڕی ئینگلیزی وەرگرتووە.

# پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پەروەردە

چنار عەزیز



فەلسەفە دایکی هەموو زانستەکانە، واتا سەرجەمی( پەروەردە، سیاسەت، مێژوو، کیمیا، فێزیا، .....) لە هەناوی فەلسەفە لەدایکبوون، کەواتە بەهەمان شێوەی فەلسەفە لەسەر گەشەی هزری و جەستەیی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە. چونکە لە فەلسەفە پەروەردەیان وەرگرتووە، لە فەلسەفەوە فێردەبن چۆن ڕووناکی ببەخشنەوە، لە فەلسەفەوە فێردەبن کۆمەڵگە و توانای هزری و بیرکردنەوەی سەرجەمی مرۆڤایەتی پڕ لە زانین و دانایی بکەن. پەروەردە کاریگەرترینە، کاتێک پەروەردەکار هەموو ڕۆژێک لە توانایدا هەیە سەرنجی فێرخوازەکان بەدەستبهێنێت، یان هاوکاریان بکات لە فێربوونی بابەت و زانستی تازە. شێوازێک کە پەروەردەکاران دەتوانن بەدەستی بهێنن، خۆشەویستی و سۆزە بۆ پیشەکەیان و دەربارەی ئەو شتانەی کە فێری فێرخوازی دەکەن. هەروەها توانای بەڕێوەبردنی پۆلە.

پەروەردە بنەمایەکی گرنگ و بنچینەیی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤە، بەبێ بوونی پەروەردە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناشارستانی و بێسوود دەبێت. هیچ گەشەسەندنێکی جەستەیی، ئاینی، سیاسی بە ئەنجام ناگات بەرلەوەی باسی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پەروەردە بکەین، پێویستە بزانین پەروەردە چییە؟ فەلسەفە چییە؟

پەروەردە لەلایەن چەندین فەیلەسوف و توێژەر و بیرمەندانەوە بەپێی کلتوور و کۆمەڵگەکەیان پێناسە کراوە، ئەمەی خوارەوە چەندین پێناسەیە لەبارەی پەروەردە:

پلاتۆ دەڵێت: پەروەردە بریتییە لە گەشە پێدانی توانا جەستەیی و دەروونییەکانی مرۆڤ، بەجۆرێک بتوانێت تواناکانی بەدیبهێنێت.

ئەریستۆ دەڵێت، پەروەردە پرۆسەیەکە کە عەقڵێکی تەندروست لەناو جەستەیەکی تەندروستدا گەشەدەکات.

جۆن دیوی دەڵێت، پەروەردە پرۆسەیەکە گەشە بە هەموو تواناکانی مرۆڤ دەدات کە بتوانێت کۆنترۆڵی ژینگەکەی بکات و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

غەزالی دەڵێت، پەروەردە پرۆسەیەکە توانا بە تاک دەبەخشێت تا بتوانێت نێوانی ڕاست و هەڵە ،باش و خراپ، بزانێت.

پێناسەی فەلسەفە

پێناسەیەکی ورد بۆ فەلسەفە نییە، بەڵام بە مانای گشتی فەلسەفە بەم شێوەیە دادەنرێت:

خۆشەویستی بۆ دانایی

نزیکبوونەوەی پەیوەندیدار بۆ هەر دیاردەیەک

بۆ گەڕان بەدوای پاساو بۆ شتێک لە ڕێگەی لێکدانەوەی عەقڵانییەوە

پەیوەندی نێوان پەروەردە و فەلسەفە

پەروەردە و فەلسەفە دوو بواری جیاوازی خوێندنن، بەڵام پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە هەیە، چونکە بەبێ بوونی هیچ بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی، تەواوی پرۆسەی پەروەردە بێ ئاراستە دەبێت. پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پەروەردە لەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕوونتر دەبێتەوە.

1ـ فەلسەفە و پەروەردە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە بە یەکەوە، بە یەکەوە بەستراون تەواوکەری یەکترن.

2ـ پەروەردە و فەلسەفە (دینامیکن) پڕن لە جوڵە، لەبەر ئەوەی هەردووکیان مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ و ژیانی مرۆڤدا دەکەن.

3ـ فەلسەفە بیردۆزییە، بەڵام پەروەردە کردارییانەیە لەگەڵ سروشتدا.

4ـ فەلسەفە ئامانجەکە ڕێکدەخات ژیانێکی باش ڕێکدەخات، بەڵام پەروەردە چارەسەرەکە دەدۆزێتەوە کە تیایدا دەتوانرێت ئامانجی مرۆڤ بەدیبهێنرێت.

5ـ فەلسەفە بڕیار دەدات لەسەر پێکهێنانی ژیان، بەڵام پەروەردە کارەکات لەسەر شکۆمەندی ژیان.

6ـ فەلسەفە مامەڵە دەکات لەگەڵ کۆتاییەکاندا، بەڵام پەروەردە مامەڵە دەکات لەگەڵ هەندێک تەکنیکدا بۆ گەیشتن بەو کۆتاییە.

7ـ فەلسەفە کار دەکات لەگەڵ هەندێک ئەبستراکتدا، بەڵام پەروەردە لەگەڵ سروشتدا بەرجەستە دەبێت.

8ـ ڕاستی و پرەنسیپ دەتوانرێت لە ڕێگەی فەلسەفەوە دابمەزرێن، بەڵام پەروەردە یارمەتی ئەو پرۆسەیە دەدات.

9ـ فەلسەفە خۆشەویستی داناییە، بەڵام پەروەردە ئەو خۆشەویستییە کۆدەکاتەوە بۆ تاک.

10ـ فەلسەفە لایەنە جۆراو جۆرەکانی پەروەردە دیاریدەکات، بەڵام پەروەردە بەشێکە لە فەلسەفە، وەک هەمیشە دەڵێین فەلسەفە دایکی هەموو بابەتەکانە.

## لقەکانی فەلسەفە

سەرەکیترین بوارەکانی خوێندن لە فەلسفەدا ئەمانەی خوارەوەن:

مێتافیزیک کۆڵینەوەیە لە سروشتی بوون و جیهان.

ناسیاریناسی گرنگی بە سروشت و مەودای مەعریفەت دەدا.

فەلسەفەی ئەخلاق گرنگی بەو پرسیارانە دەدا کە مرۆڤەکان دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکەن یان ئەوەی کە ئاخۆ وەها پرسیارگەلێک وەڵامدارن یان نا.

فەلسەفەی سیاسی لێکۆڵینەوەیە لە حکوومەت و پێوەندیی تاکەکان و کۆمەڵ لەگەڵ دەوڵەتدا.

جوانیناسی سەروکاری هەیە لەتەک جوانی، هونەر، چێژ، هەستپێکردن، تام و سۆزدا.

لۆژیک لێکۆڵینەوەیە لە شێوەکانی گونجاوی ئاوەزان و بەڵگەهێنانەوە.

فەلسەفەی زەین سەروکاری هەیە لەتەک سروشتی زەین و پێوەندیی لەگەڵ لەشدا.

فەلسەفەی زمان پرسینەوەیە لە سروشت، سەرەتاکان، و بەکاربەریی زمان.

فەلسەفەی ئایین ئەو لقە لە فەلسەفەیە کە ڕووی پرسیارەکانی خۆی لە ئایین دەکات.

جگە لەوانە، زۆربەی بابەتە زانستاییەکان فەلسەفەی خۆیانیان هەیە، بۆ نموونە فەلسەفەی زانست، فەلسەفەی بیرکاری، فەلسەفەی لۆژیک، فەلسەفەی یاسا، و فەلسەفەی مێژوو یاخود زۆر شتی ژیان...

لە کورد پیدیا وەرگیراوە



# ئایا کار دەگاتە داخستنی گەروی هورمز؟

## د. بەهرۆز عەلی



ماوەیەکی زۆرە قانع رەشید ـ دونیای شیعر مەستی کردووە، لەخزمەتی بەردەوامدایە، هەمیشە رووپێوی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەچرۆی شیعرەکانی رەنگالە دەبن . ئەوەی لەبەرهەمەکانیدا دەیبینم : رێبازێکی تایبەتی بۆخۆی هەڵبژاردووەو هۆنراوەکانی لەهەر کوێیەك بن دەناسرێنەوە .

لەهیچم ،،
کەم نەبوو
پێش تۆ..!!
ئێستا..
لێوان لێوی،
خۆشەویستیم..؟؟
ئەی ئەم بێ تۆییە،،
لەچی ..؟؟

شاعیر لەدونیای خەون و خەیاڵدا تژییە لەسۆزو ئەوین ، لەکاتێکدا هەست بەبۆشاییەکی دەروونی دەکات . کەلەهەموو نەهامەتیەك بێبەش نییەو خاکەساریی دونیا بەسەریدا باریوە. کەچی خۆشەویستی و ئەوینی هاتۆتە سەر و نوقمی دونیای سۆزدارییە.لەبەرامبەردا ساردییەك دەبینێت ،لەم جیهانی عەشقەیدا پەرییەکەی دیار نییەو هەمیشە بەسووتانەوە چاوەڕێی پێشوازی و ژوانێتی .

زۆری.. ویست،
تا خۆشم بوێی..
هێندەی چاوتروکانێکت،
بەس بوو
بۆ پووکانەوەی ..!!
چ بەد گۆڕانێکە..؟؟

شاعیر پاش ماوەیەکی دوورو درێژ ، توانیوێتی دڵی دولبەرەکەی بەدەست بهێنێت و سەر بەخۆشەویستەکەی دا بنوێنێ... ئەم هەوڵ و تێکۆشان و ئەشك رشتنەی هەروا بەسانایی نەبووەو ئەنجام ژوانگەی ئەوینداری رازاندۆتەوەو بەگەیشتن بەخۆزگەکانی ئاسوودە بووە ، کەچی بەچرکەساتێك نەوبووکی هیواکانی پشتی تێکردووەو دەستبەرداری هەموو وتەو کرداری بووە، لەرچە رێی ئاواتەکانی بەتەنهایی و نامۆیی بەجێی هێشتووە ، بۆیە سەرسام و راماوە ، چۆن لەئان و ساتێکی نەخوازراودا دڵزادەکەی ئەم گۆڕانەی بەسەردا هاتووەو هەموو یاساو رێساکانی جوانی و ئەمەك و پەیمانی پێشێل کردووە .

گشت دەلاقەکانی ،
دڵم...
ئەڕوانێتە،
ئەو گوزەرەی:
کەڕەنگبێ ساتەوەختێ..
پێیدا
تێپەڕبی ..!!

قانعی شاعیر ـ هەموو ئەندامەکانی جەستەی بوونەتە نیگاو چاوەکانی تامەزرۆی چاوەڕوانییە.. سەرنجی ئەو رێگایە دەدات ، بەڵکوو دڵخوازەکەی بەڕاگوزەر بەو رێگایەدا تێپەڕێت . کەئەم تیلەی تێبڕیوەو ئالوودەی دیدەنێتی، دەلاقەی زامەکانی دڵ و دەروونی بەو نەبێت پڕنابنەوە، تەنها نیگایەکی سارێژکەری هەموو ژانەکانێتی .

شاعیر دیوانەی عەشقێکی بەدینەهاتووە ، هەمیشە بەوشەی ناسك و رستەی کورت و سانا ـ رازەکانی دەردەبڕێت، دوور لەلاساییکردنەوەو هەڵگرتنی شوێنپێی هیچ شاعیرێك ..خۆی دەروێش و موریدی هەنگاوی عەشق و پاکییەو بەوێنەی شیعریی کورت و پوخت ریتمی کۆپلەکانی پاراستووە و بەخەیاڵێکی ناسك زاخاوی داون .

بەخوێندنەوەی شیعرەکانی دەچیتە دونیایەکی ئەفسوناوی و دوور لەرووگەی تەماوی و بەربەست و تراویلکە.

لەشیعرەکانیدا لێکخشانێك لەگەڵ زماندا دەبینیت .وەستایانە پێکهاتەی پیت و وشەو رستەکان دادەتاشێت .توانیوێتی گۆشەیەکی ئارام لەدونیای شیعردا بۆ خۆی دەستەبەر بکات ، خوێنەریش رابکێشێت ، هەست بکات لەدورگەیەکی جیاوازدا گوێی لەمۆسیقای ژانرێکی تایبەتە .

خوازیارم ـ کاکە قانیعی شاعیر بەردەوام بێت لەخزمەتکردن و بەرز راگرتنی وشەی کوردیداو
هەمیشە دەروونی راماوی ئارامگەی شیعری نیان بێت .

# سێ کورتیلە چیرۆک

## هێدی گەلاڵی

١- قەڵەم

ئەو لە شاخدا جەنگاوەرێکی ئازا و لێهاتوو بوو هەرگیز ترسی نەدەناسی ، لە دەیان داستان و شەڕ و نەبەردیدا بەشداربووە.

کە هاتە شار بەهەمان بیرۆکەو هێزی جەستەوە دەیویست لە کاری حکومی و پەرلەمانی و کارگێریدا رۆڵی هەبێت، هەموو کاتێک سێ قەڵەم جافی شین و سوور و رەشی لە گیرفانی قاتە خاکیە کەتافەکەی دانابوو!!!

لە پای ئەو خزمەتە زۆرەی لە شاخدا هەیبوو وەک رێزلێنانێک لەخزمەتەکەی باڵاترین پۆستی لە لوتکەی دەستەڵاتدا وەرگرت !!

لە مامەڵەکردن و ئەرکە تازەکەیدا دەرکەوت سەرکەوتوو نەبوو ، ئەو قەڵەمانەشی لە گیرفانی کەتافەکەیدا دانابوو بۆ ئەوە بووە کە پێی بڵێن: بەرپرسێکی خوێندەوارە!!


٢- سواڵی مۆدێرنە

وەک ئەوەی دەوامی رەسمی هەبێ جگە لە رۆژانی هەینی و شەممە هەموو رۆژانی تر بەجل و بەرگێکی شڕ و پێلاوێکی کۆن گوزەر گوزەر دەگەڕێ دەستی لە دوکاندارەکان پان دەکردەوە.ئەو ئێستا گۆڕاوە گۆڕان لە سیماو رووخسار لە سەردەمی ئەنتەرنێت و مۆدێرنە دەژێت دەست لە کەس پان ناکاتەوە.

دەست دەبڕێت!

٣- مژدانە

دوای شەش مندالّ، زۆر بە ئاوات بوون کوڕێکیان ببێ دوای ساڵانێک ژنەکەی ژانی گرت، بێئەوەی پێشوەختە پشکنینی سۆناری بۆ کرابێت ، بە بڕوای ئەو کارێکی باش نیە! بە پەلە بردیان بۆ نەخۆشخانە دەستەو نزا دەپاڕایەوە، چەند کاتژمێرێک لەبەردەم هۆڵی نەشتەرگەری لە چاوەڕوانیدا بوو. لە پڕ سستەرێک هاتە ڕاڕەوی هۆڵەکە بە دەنگێکی بەرز و خەندەیەکی شیرین رووی لە هاوسەری نەخۆشەکە کرد و وتی : مژدانە خوا کچێکی جوانی پێ بەخشیوی !! باوکی منداڵە تازە لە دایک بووەکە ئاهێکی هەڵکێشاو ڕەنگی پەڕی و دوو سێ جار سەری لەقاند!



# گەڕەلاوژەو هانی هانی

## ستار محەمەد

عەشق دێت و .. هەڵپەی حەزو
پەڵەی هەڵەی خۆشەویستی
بە مەشخەڵی خۆنەویستی
ئەسوتێنێ و ئەسڕێتەوە
سەرلەنوێ ئەینوسێتەوە !
لە ئاسمانی شەوبێداران
دوور لەچاوی ستەمکاران
ئایەتێکە درەوشاوە
لە هەنیەی ڕوی مانگ نەخشاوە !
من ئەیبینم و ئەیخوێنمەوە
وەک ئاوو دۆ ئەیخۆمەوە
وەک ناوی خۆم دێتە بەرم !
ئەستێرەکان چاو هەڵدێنن
بە جیلووەوە دەجریوێنن
کاتێ ئەدوێیت بەرامبەرم !
مەلی نگینی خۆش ئاواز
بە سەد نەزم و حەنجەرەی ڕاز
بۆم ئەخوێنێت لەژوور سەرم !
ورشەی جوانی و سایەی نازت
لەرەی تیشکی چاوی بازت
ئەخشێ لە سیماو کەمەرم !
تۆ کەی لەمن حاڵی ئەبی ؟!
تۆ کەی بۆ من ماڵی ئەبی ؟!
دڵ وا لە سیلەی خانەقا
ناڵەی گەییە بینەقاقا !
لەم دەروونە بێروونەما
نەش ونمای شیعر نەما !
لەم تەنوورەی پڕ نێڵەو ڕێش
گرمەی وەک کوورەی پوورەمێش
چەند غەزەلم بۆ دەرهێنایت
وەک و کولێرەی پەنجەکێش !
چەند هەڵبەستم بۆ تۆ هانی
بەرەولای تۆ هانای هانی
لەم سەفەرە پڕ قەدەرەوە
لەم ڕێگە پڕ بێنەوبەرەوە
لەم دیمەنە بێ سێبەرەوە
بەرهەتاوی چاوەڕوانی !!
لەم دنیا بێ سەرەوبەرەوە
گەڕەلاوژەی هانی هانی !!
------------------------

هانی هانی : دەنگی تەشویشێک بوو ئەخرایە سەر ڕادوێی شۆڕش لە ئێران
ناڵە : هاوارو یاهوو
نێڵە : لرفەی شاڵاوی بڵێسەی ئاگری ناو تەندور
ڕێش : زامی تازە قەتماغەگرتوو ، کە ساڕێژ نەبوبێت
تەرز : جۆر ، نەزم
حەنجەرە : گەروی دەنگەژێ ،
بینەقاقا : قورقوڕاگە
کولێرەی پەنجەکێش : کولێرەی ئاوی سەرتەنوور کە شوێنپەنجەکانی پێوە نەخشاوە
سیلە : قوڕنە ، گۆشە ، کونج وقوژبن
بێروون : وشکەڕۆ بێ تەڕایی



هەنیە : گۆنا
کوورە : کۆڵەس ، کۆلکی مێشهەنگ
پوورە : تۆپەڵی بە کۆمەڵی هەنگ
هانا : هانا بۆ بردن بۆ پەنادان
جیلوە : بریقەی جوانی.

# نەهامەتی

## ئەحمەد حەمەساڵح

لەوەتەی جەنگ هەیە
لە چوار پارچەی نیشتیمانم
لاپەڕەکانی مێژوومان
تۆمارێکن لە تاوان وئازارەکان
تەعریب، تەتریک
ڕاگواستن و ئاوارەیی
پاکتاوکردن، کاولکاری
ئەنفال و کیمیاباران
لە بۆنی دوکەڵ و باروتەکان
لە دەنگی ناپاڵم و مین و فرۆکەکان
لە خاکی سوتاو و
ڕەشەبای مەرگدا
بەخوێن
مێژوی خاکمان تۆمارئەکرێ
ئەفسوس، ئەفسوس
هەزاران جار ئەفسوس
لەباشوورە ڕزگاربووەکەی نیشتیماندا
ئەوەی ناومانناا ئازادی
لە بۆنی خوێن و
زریکەی مەرگدا خنکێنرا
ئەوەی هەبوو
لە دڵسۆزی و وەفاداری
بە درۆ و دراو
لە ڕەگەوە هەڵکەنرا
ئەوەی ناومانناا کوردایەتی
بە خیانەت و خۆخۆری
لەدڵەکان دەرهێنرا
لەم هەرێمە
کە خەونێک بوو بۆ نیشتیمان
ئەوەی هەبوو
ئەوەی بەدەستهات وبەخشرا
من ناڵێم خۆیان ووتیان
شێخ و ئاغا، سۆفی و دروێشانی
حیزب و حکومەت
بێهەڵوێست و بێشەرمانە وتیان
جیما بەم میللەتە نەکەرێ
"هەرچی بە دوژمنان نەکرا، کردمان"
بەڵێ وابوو، وەک بینیمان
چی کرا، هەموی تێکدرا
بەکۆیلەکان
ئازادی لە سێدارەدرا
ئیرادە دزراو،
بێدەنگی خرایە گەرووی گەلەوە
کە هاتنەوە وەک چەتەیەک
لەژێر چەتری خیانەت و ناکۆکیدا
بە چەکی درۆ و دراویان
بیابانێک لە قەیرانیان هێنایە بوون
لەم زۆن و لەو زۆن
بەخیانەت عیشقی خاکم ڕەجم کرا
لەم بەش بەشێنەی ئاغا و کوێخاکان
نیشتیمان دزراو خاک هەڕاج کرا
لە نێو غەرقی قەیرانەوە
ئەوەی بۆ خەڵک مایەوە
لە دژواری سەختە ڕێگای ژیانەوە
هەژاری و ئازادییەکی دەستەمۆیە
ئەوەی ئەوانیش نواندیان
لە مێژویان تۆمارکرا
لەناوخۆدا کۆیلایەتی و دووبەرەکی
بۆ دەرەوە کوێرایەڵی و خاک فرۆشی



# تاوانی جینۆساید ( Genocide)دژ بە (عەلەوی) و (دروز)ەکان



بڵند دلێر شاوەیس

هەندێک پرسیار دەکەن دۆخی سوریا بەتایبەتی تاوانی جینۆساید ( Genocide)دژ بە (عەلەوی) و (دروز) چ پەیوەندییەکی بە هەرێمی کوردستان و کوردەوە هەیە؟ لە ڕاستیدا تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆساید پەیوەندی بە هەموو جیهانەوە هەیە، تاوانی نێودەوڵەتین، ئەو تاوانانەن کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخەنە مەترسییەوە، ئارامی هەرێمایەتی دەخاتە دۆخێکی ناجێگیربوونەوە، مرۆڤایەتی دەهەژێنێت .... ئێمەی کورد قوربانی ئەم جۆرە تاوانانەین، تاوانەکانی (ئەنفال)ی بەدناو کە ڕژێمی بەعس دژ بەگەلی کورد ئەنجامیدا لە ساڵ١٩٨٨، هەروەها تاوانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کە دژ بە هاوڵاتیانی سڤیلی کوردی ئێزیدی لە شنگال ساڵی ٢٠١٤ ئەنجامدرا، گەورەترین شاهیدن. کاتێک ئێمە ڕووبەڕووی جینۆساید دەبوینەوە گلەییمان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەبوو کە بێ هەڵوێستبوو، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی خێرا و کاریگەری نەگێڕا، هەر وڵاتێک لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین. ئێستاش کە پێکهاتەکانی(عەلەوی) و (دروز) ڕووبەڕوی تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی و جینۆساید دەبنەوە لە سوریا لەلایەن هێز و میلیشیاکانی سەر بە (احمد الشرع) پێویستە ڕابردووی خۆمان بێتەوە یاد. بەئەگەرێکی زۆرەوە لەدوای سەرکوتکردنی(عەلەوی) و (دروز) نۆرەی پەلاماردانی کوردە لە سوریا، هەروەها بەو هۆیەوە کە هەرێمی کوردستان هاوسنوورە لەگەڵ سوریادا ئەگەر هەیە لە داهاتوشدا ئەو ڕژێمە تیرۆریستییەی (احمد الشرع) یەخەی ئێمەش بگرێت. هێرشکردنە سەر پارێزگای (السویداء) و ڕاگەیاندنی (جهاد) دژ بە پێکهاتەی (دروز)ەکان لە سوریا و ئەنجامدانی تاواني کوشتن و سەربڕین و لاقەکردنی ئافرەتان و تاڵان کردنی ناوچە دروز نشینەکان لەلایەن هێزی ڕێکخراوەوە کە پێک هاتوون لە هێزەکانی سوریا لە وەزارەتی بەرگری و ئاسایشی گشتی و چەکدارە میلیشیا دەشتەکییەکان (البدو)، لە تاوانە هەرە گەورەکانە، تاوانی دژ بەمرۆڤایەتییە ( Crimes against humanity) و تاوانی جینۆسایدە ( Genocide)کە بەمەبەستی لەناوبرد پێکهاتەیەکی ئاینی وەک دروزەکان ئەنجام دەدرێت. ئەم تاوانانە پێشێلکاری سامناکی مافەکانی مرۆڤە، پێشێلکردنی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٤٥ و جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨ و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٦٦. ئەوەی شایانی باسە هەر ئەم ساڵ چەکدارانی(احمدالشرع) بە هەمان شێوە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆسایدیان بەرامبەر بە پێکهاتەی(عەلەوی) لە ناوچەی (الساحل)ی سوری ئەنجامدا، هەموو جۆرە تاوانەکانی کوشتن و لاقەکردن و ڕفاندنی ئافرەتان و تاڵان کردن وسوتاندنی موڵک و ماڵی هاوڵاتیان......هتد بەبەر چاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەنجامدا. ئەم تاوانانە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە، پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە زوترین کات بێتە سەر خەت، بۆ دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆسایدی دژ بە (عەلەوی) و (دروز)ەکان و خودی (احمد الشرع) و لابردنی لە دەسەڵات. مانەوەی (احمدالشرع) لە سەرۆکایەتی سوریای سەرچاوەیەکە بۆ بوژانەوەی تیرۆر و بیری توندڕەوی، ئارامی جیهان و ناوچەکە و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە.

سایتی زەمەن

# بەتەنیشت یادەوەرییەکانی تاوانی جینۆساید و ئەنفالەوە



تەها سلێمان

لەسەرەتای مانگی سێی هەموو ساڵێک؛ نزیک دەبینەوە لە کۆمەڵێک بۆنەو یادەوەری تاڵ و شیرین. جیاواز لە بۆنە شیرینەکان، یادەوەرییە تاڵەکان بۆ ئێمە ڕۆژ دوای ڕۆژ ئازاربەخشتر دەبن، ئەوانیش وەک زنجیرە بەدوای یـــەکدا دێن (تاوانی کیمیابارانکردن و جینۆسایدکردنی هەڵەبجە، تاوانی جینۆسایدی ئەنفال، تاوانی جینۆسایدی بەرزانییەکان، تاوانی جینۆسایدی قەڵادزێ، تاوانی جینۆسایدی سەیدسادق و دەوروبەری، تاوانی جینۆسایدی فەیلییەکان) و تا دەگاتە (تاوانی جینۆسایدی ئێزدییەکان) و هتد. بەوردبوونەوە و سەرنجدان لە تەواوی ساڵدا؛ گەلی کورد لە باشووری کوردستان یادەوەری تاڵی لەبۆنەی شیرین زیاترە؛ بۆیە ئازادنین لەوەی بۆنە شیرینەکان هەڵبژێرین و دەستبەرداری یادەوەرییە تاڵەکان بین. هەروەک ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ لەناو یادەوەرییە تاڵەکاندا ببینە پارچەیەک لە خەم و ئازار و هیچیتر، بەڵکو گرنگترین شت ئەوەیە، چۆن هەژموونی سۆز لە خۆمان بتەکێنین و لە جێگایدا خوێندنەوە بۆ تەواوی ڕەهەند و لێکەوتەکانی کۆی یادەوەرییە تاڵەکان بکەین، کە سەرەنجام و لە یەک پاکێجدا؛ هەوڵی جینۆسایدکردن و لە ناوبردنی شووناس و کەلتوور و تەواوی سێکتەرەکانی ژیان و ژیارێتی. ئەوەی بەتەنیشت ئەم یادەوەرییانەوە زیاتر لەهەموو شتێک بە نامۆ و نالۆژیکی دەبینم؛ لە بەیاننامە و ڕاگەیەنراوی زۆرێک لە حزبەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بینراو و نووسراو و و سۆسیال میدیاوە، ناوەندەکانی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان، بەشێکی زۆر لە نووسەران و توێژەران و لەسەرووی هەمووشیانەوە، هەرسێ سەرۆکایەتییەکی هەرێم و حکومەت و پەرلەمان و لەناو ئەمانەشدا وەزیر و پەرلەمانتار و ڕاوێژکاری پلە باڵا؛ هێشتا دەستەواژەی کارەسات و تراژیدیا وەک پێناسەی تاوانەکان بەکاردەهێنن!. بەدید و خوێندنەوەی ئێمە کە چەندین جاری تریش مکوڕیمان لەسەر کردووە، کارەسات و تراژیدیای گەورە ئەوەیە، بە تاوان بوترێ (کارەسات یان تراژیدیا)؛ لەمەش کارەساتباتر ئەوەیە، جیاوازی لە نێوان (تاوان و کارەسات) نەکرێ؛ کە دەستەواژەی (کارەسات) مەعلومە بۆ (ئاگرکەوتنەوەی خوڕسک، لافاو، زریان، زەمین لەرزە، ڕووداوی هاتوچۆ) و زۆرشتی تر بەکاردێ و (تاوان)یش جا (تاوانی جەنگ، تاوانی جینۆساید، تاوانی دژی مرۆیی، تاوانی دووژمنکارانە) و هتد بکەر و قوربانی دیاری هەیە و یاسا و ڕیساش هەیە بۆ مامەڵە لەگەڵ بکەر و پێدانی مافی قوربانی. بۆیە ئەمساڵ و پێش گەیشتن بە ڕۆژانی یادەوەرییە تاڵەکانی تاوان لێکردنمان؛ جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە و پێموایە جێبەجێکردنی کەمترین ئاستی بەرپرسیارێتی هاوشانی بەرپرسیارێتییە باڵاکان، لە ئاست تـــاوانەکـــانی جینۆسایدکـردنمان، ئەوەیە دەستەواژەی (کارەسات و تراژیدیا) توڕدەینە دەرەوەی کۆی لێکۆڵینەوە و گوتار و بەیاننامە و ڕاگەیەنراو و لێدوان و ئەدەبیاتمان؛ پێچەوانەکەی یان تێناگەین یاخود نامانەوێ تێبگەین و وەک گەلانی تری جینۆسایدکراو، تەواوی ڕەهەند و لێکەوتەکانی بکەینە پڕۆژەی بنیادنانی قەوارەی نەتەوەیی و نیشتمانیمان.



# دارا ئارام



- 1963 لە سلێمانی لەدایك بووە.
- 1985 پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە.
- 1991 کۆلیجی هونەری ئۆنتاریۆ- تۆرنتۆ- کەنەدای تەواوکردووە.
- 1988 یەکەمین پێشانگەی تایبەتی لەمەڵبەندی رۆشنبیری روسی لەشاری دیمەشق.
- 1990 دووەمین پێشانگەی تایبەتی لە(بی-ئی ئیسماعیل) تۆرنتۆ- کەنەدا.
- 1991 سێیەمین پێشانگەی تایبەتی لەهۆڵی شارەوانی تۆرنتۆ- کەنەدا.
- 1992 چوارەمین پێشانگەی تایبەتی گەلەری 306 تۆرنتۆ -کەنەدا.
- 1993 پێنجەمین پێشانگەی تایبەتی ئەسپەیس گەلەری تۆرنتۆ.
- 1994 شەشەمین پێشانگەی تایبەتی  ئەسپەیس گەلەری تۆرنتۆ.
- 1994 حەوتەمین پێشانگەی تایبەتی هۆڵی کیچنەر کەنەدا.
-1994 هەشتەمین پێشانگەی تایبەتی کەنەدیان ستەریچ کۆمیتەی تۆرنتۆ.
- 1995 نۆیەمین پێشانگەی تایبەتی لەهۆڵی ئەکادیمیای کوردی دیسلدۆرک ئەڵمانیا.
- 1996 دەیەمین پێشانگەی تایبەتی لەپراکس گەلەری تۆرنتۆ.
- 1997 یانزەمین پێشانگەی تایبەتی پراکس گەلەری تۆرنتۆ.
- 1998 دوانزەمین پێشانگەی تایبەتی مۆستەرگەلەری ستۆکهۆڵم - سوید.
- 1990 سیانزەمین پێشانگەی تایبەتی نیکۆلا روکا گەلەری تۆرنتۆ.
- 2000 چواردەمین پێشانگەی تایبەتی گوینرەمەت گەلەری ستۆکهۆڵم- سوید.
- 2001 پانزەمین پێشانگەی تایبەت گۆدا گەلەری مۆنتریال- کەنەدا.
- 2003 شانزەمین پێشانگەی تایبەتی ئێل بی گەلەری کۆپنهاگن- دانیمارك.
- 2004 حەڤدەمین پێشانگەی تایبەتی پراکس گەلەری تۆرنتۆ.
- 2005 هەژدەمین پێشانگەی تایبەتی پراکس گەلەری تۆرنتۆ.
- 2005 نۆزدەمین پێشانگەی تایبەتی لەنس گەلەری تۆرنتۆ نیکۆلا روی گەلەری تۆرنتۆ.
- 1985-2025 بەشداری زیاتر لە (60) پێشانگەی هاوبەشدا کردووە لە (سلێمانی، تۆرنتۆ، تۆکیۆ، کۆپنهاگن، ستۆکهۆڵم، ئەمستردام) .
-خاوەنی خەڵاتی پێشبڕکێی سالآنەی هونەرمەندانی کەنەدی سالآنی (1994-1997 -1999 -2002-2003).



























# بیرەوەری
# فەرەیدوون غەریب

تێبینی : ـ ئەم چوار بەشەی لەمەودوا بڵاوی دەکەمەوە، تەواوکەری ئەنفالی چوارو ڕووداوەکانی چەمی ڕەزان و چیای پیرەمەگروونە. ئێمە زیاتر لە ١٠٠ پێشمەرگە بە ڕێگای جیاواز دەرباز بوو بووین، بەڵام ٧٥ پێشمەرگە لەژێر فەرماندەی کاک علی بچکۆل مانگەکانی ٥و ٦و چەند ڕۆژێکی مانگی ٧ی ١٩٨٨، لە چەمی ڕەزان دەمێننەوە. بەباشم زانی بە کورتی و ڕاگوزەر باسی چۆنێتی ڕزگاربونی ئەوانیش بکەم..

*******************************

◈ پیاوی ئەرکە قورسەکان، کوڕانی ئازای کۆیە
بەشی / 280 یەک

ئەو ڕۆژەی گوندی گۆپتەپەو عەسکەر ژەهرباران کران، کەرتەکانی پێشمەرگەی تیپی ٢٣ی سورداش لە گوندی کەڵەشێرەو سەری گەورەدێ خۆمان بۆ شەڕێکی نابەرانبەر ئامادەکردبوو. کاک عەلی بچکۆل و دەستەکەی، ڕابەری سەید برایم و بەشێک لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، مامۆستا جەمالی حاجی محمد هەڵەبجەیی و دەستەیەک لە گوندەکانی قەڵاسێوکەو نزیک ئاغجەلەر بوون.

ـ دوو پێشمەرگەی باریکەلەی کۆیی ئەرکێکی تریان لە کۆڵنرابوو، مەرگی ئازیزان و هاوسەنگەرانیان، بۆنی سێو سیرو گازی خەردەل هەناسەی توند کردبوون، بەڵام لە پەلوپۆی نەخستن و بەرچاوی تاریک نەکردن. دڵسۆز بەکرو مام هەژار مەغدید کۆیی، دوو پێشمەرگەی گورج و گۆڵ و ڕووح سووکی تەمەن ( ٢٣ و ٢٥) ساڵی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، هەر ڕۆژەو فەرماندەی تیپەکەیان ئەرکێکی تازەی پێدەسپاردن : ڕۆژی ٣ی مانگی مایسی ساڵی ١٩٨٨، ئێوارەی پێش شاڵاوەکە بە فەرمانی ڕابەری سەید برایم فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، هاوڕێکانیان لە بەری قەڵاسێوکەو نزیک ئاغجەلەر جێدەهێڵن و لەزێی بچووک دەپەڕنەوە. ئەوان دەبوو بەپەلە فریای بارەگا کۆنەکەیان لە دەشتی کۆیە بکەون، ئەو کەل و پەل و نامەو مستەمسەکانە بشارنەوە، گیرانیان کارەساتی بۆ ئەندامانی ڕێکخستن و کۆییەکان لێدەکەوتەوە.. بێئاگا لەوەی شاڵاوی ئەنفالی چواری بیابان ئاگرێکی بێئامانی وای خستۆتە نێوان هەردوو بەری زێی بچووکەوە، دڵسۆزو مام هەژار ناتوانن دووبارە بگەڕێنەوە لای تیپەکەیان!!

دڵسۆز جگە لەوەی پێشمەرگەیەکی چاپووک بوو، مەلاوانێکی شارەزاو پشوو درێژو بە ئەزموونیش بوو.

ڕۆژی دواتر، یەکەم ڕۆژی شاڵاوی ئەنفالی چوار لە خەمی تیپەکەیاندا، دوای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پێیان سپێردرابوو، دوای شاردنەوەی جێبە سەربازیەکەیان دێنەوە سەر زێی بچووک، بەڵام شەڕی شەیتان و بەڵای ناگەهان لە زەوی و ئاسمانەوە ڕێگای کەڵەکەوانێک نادات بیانپەڕێنێتەوە.. کۆنە بەلەمێکی تاوبردوو ڕزیو لە قەراغی ڕوبارە بێئامانەکە دەدۆزنەوە، ئیتر ڕوبارەکەش وەک ڕۆژانی پێشوو نیە! کۆلاو کۆڵ هاتووەو بواری پەڕینەوە بەکەس نادا، هەموو ئاوی بەنداوەکە بەردراوەتەوە. بە تاکە مەجرەفێک دڵسۆز سەوڵ لێدەداو مام هەژاریش بە قوتولەیەک ئاوی ناو بەلەمە کونەکە دەردەدا. بە زەحمەتێکی زۆر دەپەڕنەوە، بەڵام بۆ کوێ بچن! گورگی بیابان و چەقەڵی چەمی خۆمان لە هەموو لایەکەوە دەلورێنن!! ئێمە لەسەر چیای گەورەدێوە شاهیدی سوتانی گوندەکانی دەشتی کۆیە بووین، لە جیاتی سروەی بەیان دوکەڵی ڕەش و سپی ئەو سەرزەمینەی داپۆشیبوو. دڵسۆزو مام هەژار بێ هیواو بێ ئەوەی هەواڵی تیپەکەو هاوڕێ پێشمەرگەکانیان دەستکەوێ بە بەلەمە شڕەکە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تردا دەپەڕنەوە بەری کۆیە. دوای کوتانی ڕێگای دوو شەو ڕۆژی برسێتی و خۆلادان لە هێزەکانی دوژمن کەبە سەرتاسەری ناوچەکەو گوندەکاندا وەربوو بوون، دەگەنە سماقولی و دەڤەری بالیسان..


پێچەوانەی ئەو پێشمەرگانەی پەلەیان بوو بگەنە سنوور، دڵسۆزو مام هەژار زیاتر لە مانگێک بە دیار جیهازەکەی بارەگای مامۆستا چەتۆ حەویزی بۆ زانینی هەواڵێکی هاوڕێکانیان لە چاوەڕوانیەکی درێژو بێزارکەردا دەمێننەوە.. پێیان وادەبێت شاڵاوەکە هاوڕێکانی ئەوانیشی ڕاماڵیوە!! هەواڵی خۆش و ناخۆشی ناوچەکان، بەرەکانی شەڕ، لە ڕێی جیهازەوە دەگەیشتە سەرکردایەتی و ڕادیوکەی یەکێتی. تیپەکانی پێشمەرگە بە تۆڕێکی جیهازی ڕاکاڵ پێکەوەو بە جیهازی مەرکەزی یەکێتیەوە بەسترابوون، هەر تیپەو جیهازو جفرەی خۆی هەبوو، بەڵام ئیدی ئەنفال دەنگی جیهازو دەمی هاتو هاواری ئێستگەشی بەستبوو! نە تیپ وەک خۆی مابوو نە ناوچەی ڕزگارکراو، ئەوەی هەبوو جگە لە پێشمەرگەی پەرتەوازەی گەمارۆدراو، تیپەکانی پێشمەرگە بە سەرکردایەتیەوە کشابونەوە ناوچەی بالیسان و بناری قەندیل.


دوای زیاتر لە مانگێک هەواڵی هێزەکەی ڕابەری سەید برایم و مام عەلی بچکۆل و هاوڕێکانیان لە جیهازەکەی کۆسرەت ڕەسوڵەوە، دەزانن : ماون و لە چەمی ڕەزانن، هەر شەو ڕۆژەو لە دۆڵ و چەم و ئەشکەوتێکداو نزیک ڕەبایەو ئۆپەراسیونی بەردەوامی جاش و سوپا بارودۆخێکی سەخت دەگوزەرێنن.


ڕۆژی دواتر لە کاتێکدا جیهازی هێزەکەی عەلی بچکۆل جفرەو کۆدی نەماوە، لەترسی ئاشکرابوون و دابەزینی شەحنی باتریەکانی، زۆر کەم بەکاردەهات، دڵسۆز بەکر بەشێوازی خۆیان و وشەی پێچەوانە، زمانێکی تایبەت کە پێشتر بۆ ڕۆژێکی وا مەشقیان لەسەرکردبوو، بە ڕابەری سەید برایم دەڵێت : لە بەرانبەر گوندی بۆڵقامیش چاوەڕێمان بکەن؟ لە ماوەی ٣ ڕۆژدا لەگەڵ مام هەژار دەگەینە لاتان. ئافەرین بۆ ئەم دوو کوڕە قارەمانەی کۆیە، بزانن چۆن لە ماوەی ٢٠ ڕۆژداو بە دوو وەجبە بەدرێژایی زیاتر لە سەد کیلۆمەترو بەناو ئەو هەموو مەترسیەدا زیاتر لە ٧٥ پێشمەرگەو چەند فەرماندەیەک بە کاک عەلی بچکۆلیشەوە ڕزگار دەکەن! کەچی لە بیرەوەری سیاسیەکان و باس و خواسی سەرکردایەتیدا، قارەمانی وەکو دڵسۆزو هەژار و شەهید سەرکارو عەلی کاکەڕەش و دایە نەزیفەو سەدان پێشمەرگەو ئەندامی ڕێکخستن و خەڵکی هەژاری لادێ وونە!!

مــاویــەتــی......





# ملڤل دیوی ئەستێرەیەك لەئاسمانی زانستی کتێبخانەدا

کەسایەتی دیار و زانای بلیمەت و هەڵکەوتوی بواری زانستی پۆلێن و کتێبخانە(ملڤل لویس کۆسۆس دیوی). ئەم کەسایەتییە بەناوبانگترین و هەڵکەوتووترین زانای بواری کتێبخانەکان دادەنرێت, لە10ی دیسەمبەری ساڵی 1851 لەشاری ئادمزی نیۆرك لەدایك بووە,دیوی پێنجەم منداڵی بچوکی خیزانکەی بوو,ولەخێزانێکی هەژار چاوی بەدونیا هەڵهێنابوو.

دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی پەیوەندی بەزانکۆوە کرد. دواتر لەساڵی 1874 بەشی بیرکاری لەکۆلێجی ئەمهرست بەسەرکەوتووی تەواو دەکات.هەر لەو کۆلێجە بەیاریدەدەری ئەمینداری کتێبخانە دادەمەزرێت, هاوکات زۆر بەخیرایی وەك ڕابەر و پێشەوایەکی بزووتنەوەی کتێبخانەکان لەئەمریکاو جیهاندا دەردەکەوێت و شۆڕشێکی مەعریفی لەزانستی کتیبخانەکان بەرپا دەکات.

دیوی لەتوێژینەوەکانی خۆی بەردەوام بوو هاوکاتیش بیرۆکەکانی خۆی پەرەپێدا و دواتر گەشتە لوتکە,ئەوەبوو چاپی یەکەمی پۆلێنەکەی کە بۆ کتێبخانەی کۆلێجی ئەمهرستی ئامادەکردبوو,ساڵی 1876 بڵاوکردەوە کەبریتی بوو لە 1000 بەشی بەژمارەکراو لە (000)تا (999) لەگەڵ پێرستێکی ڕێژەیی و پیشەکییەك لە44 لاپەڕەدا, پێشوازییەکی زۆری لێکراو بەو هۆیەوە لەشوێنە جۆراو جۆرەکانی جیهان چاپ لەدوای چاپ دووبارە کرایەوە, بەمەش پۆلێنی دیوی دەبی بوو بەیەکیك لەباشترین و ناوازەترین سیستەمەکانی جیهان بۆ پۆلێنکردنی بابەت و ڕێکخستنی کتێب و کتێبخانەکان لەجیهاندا.


پاشان دیوی ساڵی 1877 گوازراوەتەوە بۆ شاری بوستنی هەمان ولایەت و لەوێدا گۆڤارێکی بۆ کتێبخانە دەرکردوە,وە یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمریکاو دامەزرێنەری یەکەمین بەشی کتێبخانە بووە لەزانکۆی کۆڵۆمبیا لەنیۆرك, لەڕێی وانە وتنەوە و نوسین و موحازەرەکانیەوە توانیویەتی لەو ماوانەدا پشتگیری لەپیشەی کتێبخانە بکات, لەساڵی 1887یەکەم قوتابخانەی فێربوونی زانستی کتێبخانەی دامەزراندووە, لەساڵی 1889 وەك بەڕێوەبەری کتێبخانەی نیۆرك دامەزراوەو دواتر لەساڵی 1905 کرا بەبەڕێوەبەری گشتی هەمان کتیبخانە,لەساڵی 1906 پەیمانگەی ئەمریکی بۆ زانستی کتێبخانە دامەزراندووە.

دواجار ئەم زانا بەناوبانگەی بواری زانستی کتێبخانە لەڕۆژی 26 دیسەمبەری 1931 بەهۆی خوێنبەربوونی مێشکەوە کۆچی دوای کرد. ئەم زانا بلیمەتە مێژووی مرۆڤایەتی کردبوو بەدەبەشی سەرەکییەوە و پاشانیش هەریەك لەو بەشانەی دابەش کردبوو بۆ دەبەشی دیکە و پۆلێنەکەشی بە پۆلێنی دەبەشی ناسێنرا.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە سیستەمی پۆلێنی دەیی بەفراوانترین سستەمی پۆلێنی کتێبخانەکان دەدەنرێت لەجیهانداو تا ئێستا 22 چاپ لەپۆلێنی دیوی دەرچووە,ئەوانەش وەرگێراونەتە سەر زیاتر لە 128 زمان و لەزیاتر لە 134 وڵات لەجیهاندا ئەم سیستەمە بەکاردێنن,جگە لەوەش دوو چاپی ئەلیکترۆنیشی لێدەرچووە,هاوکاتیش ساڵانە یاخود چەند ساڵ جارێك لەلایەن لیژنەیەکی شارەزاو پسپۆڕەوە هەمواری سیستەمی دیوی دەکرێتەوە, چەندین وڵاتیش بەپێی تایبەتمەندی وڵاتەکە هەمواری سیستەمی دیوی دەکەنەوە کەبەجورێکە لەگەڵ مژووی وڵاتەکەیان بگونجێت.

لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی(ملڤل دیوی وەك ئەستێرەیەك لەئاسمانی زانستی کتێبخانەدا)درەوشاوەیە,مێژووی مرۆڤایەتی و زانستی کتێبخانەی سەردەم تا ژیان بەردەوام بێت قەرزاری ئەم زانا بەناوبانگ و بلیمەتەیە لەدونیای پڕ زانست و زانیاری زانستی کتێبخانەدا وە ئەم کەسایەتییە لەنێو مێژوونوسانی زانستی کتێبخانەدا هەرگیز لەبیرناکرێت و ناوی بەدرەوشاوەیی دەمێنێتەوە.

ئارام مجید شەمێرانی




## تایلاندیەکان لەشاری سلێمانی 1980

لەسەرەتای ساڵی هەشتاکان کۆمەڵێك ئەندازیار و کرێکاری تایلەندی هاتنە شاری سلێمانی کەخەریکی ڕاکێشانی تۆڕی تەلەفونی نۆرماڵ بوون ، من. بیرم دێت بەچاوی خۆم بینیم ئەوکات تەمەنم ٩ساڵ بوو لەگەڕەکی سەرشەقام ئەو شەقامەی لای فولکەی مامە ڕیشە و دەگاتە لای باخی شێخ لەتیفی دانساز ئەمانە خەریکی بوون ڕۆژانە کۆمەڵێك ئەندازیار و کرێکاری هونەری بوون چەندەها ئامێرو ئوتومبێلیان پێی بوو بۆ یەکەم جار بوو کەحەفارەم بینی لەگەڵ شۆفلێ بەدەست ئەمانەوە بوو ،
وێنەکان لەشەقامی سالم و مەلەوی چەند شوێنێك تۆمار کراوە کێ زانیاری هەیە لەسەر ئەو ڕۆژگارانە وەك یادێك باسی بکات ئامادەو زانیاری : ئامانجی مامۆستا عومەری بەر خانەقا

وێنەو ئەرشیفی وەرگیراو : کاك مەریوان مەسعود






# مامۆستا عەلائەددین سەجادی باسی دەعوەتەکەی حەمدیەفەندی چایچی مان بۆ ئەکات ئەفەرمووێ:

ساڵی ١٩٣٤ ڕابواردنی سلێمانی جۆرێکی تربوو. حەمدی ئەفەنی چایچی ـ خاوەنی قەوانی ئای ئای ـ بڕیاری دا پەردە پڵاوێک لەماڵەوە دروست بکا و بۆ نیوە ڕۆژی ئەو ڕۆژە ـ کە ڕۆژی سێ شەنبە بوو. بیهێنێتە مزگەوتی حاجی مەلاڕەسووڵ بۆ ئەو دەستە دۆست و برادەرانەی کە بانگی کردبوون بیخۆن. دەستەکەش بریتی بوون لە:

مەلامستەفای حاجی مەلاڕەسووڵ، وەستا ئەوڕەحمانی کەبابچی، وەستا ئەحمەدی حاجی سەیفوڵا، خالد ئەفەنی، دەروێش ئەحمەدی چایچی، حاجی مەلاعارفی بستۆ، وەستا ساڵحی چایچی، حاجی عەزیزی تووتنچی، مەلاحەسەنی شاتری، دیارە منیش بەشوێنیانەوە.

نوێژی نیوەڕۆ کرا. حەمدی ئەفەنی ماڵەکەیان نزیک بوو لە مزگەوتەکەوە، دوو سێ جار هات وچووی ماڵەوەی کرد و هەر جار کە ئەهاتەوە ڕەنگی زیاتر تێک ئەچوو. حەمدی ئەفەنی خۆی لە خۆیا تووڕە بوو لەو هات وچووەشدا ئەوەندەی تر ئاگری گرتبوو. لە ئێمە وایە پەردە پڵاوەکە ڕێک نەکەوتووە و لەشەرمەزاریدا تووڕە بووە. ئێمە هەموو هەستمان پێکرد. مامۆستا مەلا مستەفا هاتە قسەو وتی: حەمدیەفەنی! هیچ تووڕەیی و شەرمەزاری ناوێ. ئێمە هەموو براین و حێزانی ماڵێکین، خۆ غەریب نیت. دوور نییە لە ماڵەوە ئیشیان هەبووبێ بۆیان ڕێک نەکەوتبێ نان دروستکەن، ئێستە ئەنێرینە بازاڕ لەکەبابە نایابەکەی وەستا ئەوڕەحمانمان بۆ دێنن و نان ئەخۆین. ئیتر بۆچی خۆت سەغڵەت ئەکەی؟

حەمدیەفەنی ئیتر خۆی نەگرت. وتی: مەلامستەفا ئەوەتۆ ئەڵێی چی؟ نانی چی و شتی چی؟ من ئەوا ساڵ و عەیام و زەمان ئیمڕۆ هەوەسم هەستاوە لەو قەحبەبابەی ژنم، هەر کە ئەچمەوە بەپەلە سەیر ئەکەم سێ چوار دێڵەقۆڕ لە ژوورەکەدان. ئەیبەمە ژوورێکی تر ئەوخراپ تر. ماڵەکەمان ئیمڕۆ بووە بە نێرگەلەکەی سەی ئەحمەدی بابەڕەسووڵ.

نازانم ئەم هەموو ژنە چییە ئیمڕۆ ڕوویان کردۆتە ماڵی ئێمە؟

منیش بەخێر ئەبێ بۆ خۆم سەبر بکەم تا ساڵێکی تر ئەم وەختە.

لەپاشا پەردە پڵاویان هێنا، بەڵام چ پەردە پڵاوێک؟ پەردە پڵاوێکی شیر داخی، بەڕۆنی زەنگ و برنجی بسکان و دەست و پەنجەی ئەجە خان لێ نرابێ، ئەبێ چ پەردە پڵاوێک بوو بێ؟

ئای حەو جار سڵاو بۆ ڕۆنە زەنگەکەی ئەو ڕۆژە.

ئەم باسە تا ١٩٣٩ قسەت بۆ ئەکەم چونکە لەو مێژووەدا ئیتر من ئاگام لێ بڕا و کەوتمە بەغدا.


---

سەرچاوە: ڕشتەی مرواری
نوسینی: مامۆستا عەلائەددین سەجادی
بەرگی شەشەم لەپەڕە ٦٥٣

---

بیلال محمد کریم ا

ناوی تەواوی (عەلادین نەجمەدین عیسامەدین)ە و لەبنەماڵەی ناوداری (سجادی)یە، ساڵی (1907) هاتۆتە دنیاوە لەخێزانێکی ئایینیدا گەورە بووە.
ساڵی (1927) بۆ خوێندن هاتووەتە شاری سلێمانی و لەمزگەوتی شێخ جەلال و مزگەوتی حاجی مەلا رەسوڵ بەفەقێیەتی دامەزراوە، ساڵی (1938) مۆڵەتی مەلایەتی لای مامۆستا شێخ بابەعەلی تەکیەیی وەرگرتووە و چووە بۆ بەغداو لەمزگەوتی نەعیمە خاتوون لەمەیدان بووە بەپێشنوێژو دانیشتن و کاری ڕۆژانەی لە و مزگەوتەدا بووە، لەبەغدایش لای مامۆستایان شێخ ئەمجەد زەهاوی و شێخ محەمەد قزلجی بەهەندێ لەزانستە ئیسلامییەکاندا چووەتەوە، لەساڵی (1939)دا چووەتە مەیدانی ڕۆژنامەنوسی و لەساڵی(1941)دا بووە بەبەڕێوەبەری گۆڤاری (گەلاوێژ)و وردە وردە گەشەی پێکردووە تا داخستنی لە(1949)دا.





# ئێمە لە ئاوێنە دەچین

هاژە بەرزنجی

کاتێک نیگام
دەکەوێتە سەرچاوانت
چاوی چەپم
دێتە ئاستی چاوی ڕاستت
دەستی ڕاستم
لەدەستی چەپت دەئاڵێ
فرمێسکی چاوەکانی تۆ
بەچاوانما دێتەخوارێ
زەردەخەنەی سەرلێوی تۆ
دەکەوێتە سەرلێوانم
هەنگاوم بۆلات ئەمهێنێت
بێ ئەوەی خۆم پێی بزانم
تۆلەمندا پێچەوانە دەبیتەوە
وەکو ئەوەی لەئاوێندا بڕوانم
منیش لەتۆداوندەبم،
کاتژمێرەکان دەوەستن
هەرچەند لەخۆم وردەبمەوە
هەر دووکمان یەک شێوە ئەدەین
وا هەستدەکەم کە تۆ منی
و منیش تەواو بووم بەتۆ،
لەناو ئەو ئاوێنەیەشدا
شتەکان هەمووی گۆڕاوە
کەچی عیشقت لەدڵمدا ڕێک
لەجێگاکەی خۆی ماوە
نەڕاست و چەپی کردووە
نە بۆ هیچ شوێنێک ڕۆیشتووە
ئاخرکاتێ لەتی خۆم دۆز ییبێتەوە
دڵ چۆن دەتوانێ بگۆڕێ
مەگەر کاتێ پێ بنێم بەڕۆحی
خۆمدا
بۆچەند چرکەیەک بتۆرێ،
بەڵام دواتر لەتەکان یەکدەگرنەوە
هەرچی ئازار و هەڵچونە
هەموویان لەبیر دەچنەوە!

# ئاماژەکانی چەکدانانی پەکەکە و ڕادەستکردنی نەوت و کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان



## سەرکەوتی جیهاز


پێش ئەوەی بچینە سەر باسی کێشەکانی نێوان بەغداد و هەولێر دەبێت بپرسین هۆکارە پێشینەیەکانی چی بوون..؟؟ کورد لە باشوور دەبووایە بە لەبەر چاوگرتنی دۆخی بەردەوام شڵەژاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مامەڵەی لەگەڵ دۆسیە هەستیارەکاندا بکردایە ، بە تایبەت سامانە سروشتییەکان ، لەبەر ئەوەی هەرێم بەشێکی فیدراڵییە لە عێراق ، عێراقیش بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە دەوڵەتی هەیە و ئەندامە لە نەتەوە یەکگرتووەکان ، دەبو بزانرایە کاتێک دەست بۆ سامانی ژێر زەوی دەبەیت و قوفڵی بۆری نەوت دەکەیتەوە بزانیت چۆن جەنگی هەرێمایەتی دەهێنیتە ناو ماڵی خۆت ، کە دەزانرا لە عێراقەوە بە پێی ڕێککەوتن دەتوانرا زیاتر بکرێت ، لێرەوە ئەگەر پێش نەوت هەرێم کێشەی لەگەڵ هیچ وڵاتێک نەبووبێت ، ئەوا دوای نەوت پڕ دەبێت لە کێشە وەک دەگوترێت نەفرەتی نەوت ڕووت تێدەکات ، دەتوانرا لەبری نەوت داوای یاسایی بکرایە بۆ قەرەبوی ئەنفال و کیمیاباران و خاپوورکردنی گوندەکان و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری ، بەغدادیش ناچار ببووایە بەم قەرەبویە و زۆر زیاتر سوودی هەبووایە لەو داهاتەی کە نەوت هەیبوە ، بە پێچەوانەوە دەرهاویشتنەکانی (نەفرەتی نەوت) وای کرد دۆخەکەی هێندە ئاڵۆز کرد کە نەتوانرێت دۆسیەی قەرەبووی گشتی هەرێم وەک هەرێمێکی یاسایی فیدراڵی سەر بە عێراق بجووڵێنرێت ، لە پەنای ئەم نەفرەتیەدا کێشەی پەکەکە بۆ خۆی چی هەرێم و چی عێراقی گرتبووەوە ، دەکرا ئەم بەریەککەوتنانە بخوێنرایەتەوە و بە ڕەزامەندی وڵاتانی دونیا کۆمۆ و سۆمۆ پێکەوە لە چوارچێوەی سامانی سروشتی عێراقدا مامەڵەی لەگەڵ بکرایە ، وەک بینیمان پێش نەوت عێراق بودجەی هەرێمی دەنارد بێ کێشە ، دوای هەموو ئەمانە بنیمان ڕیفراندۆم چی بەسەر هەرێم هێنا و وڵاتانی زلهێزیش بەرژەوەندی دیاریکراوی خۆیان هەیە و کە لەم بازنەی بەرژەوەندییە دەرچوو هاوکارت نابێت و ئەمەش بە هەرێم گوترا ، دواتر لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هەرێم نەیتوانی مامەڵە بکات و لەگەڵ جەنگ و پرۆژەکانی ئیسرائیل دژ بە ئێران و درێژکراوەکانی مامەڵەی ناتەندروستیان کرد ، پێیان وابو ئێران کۆتایی دێت ، دواتر لە دوای دانوستانی ئێران و ئەمریکا بەر غەزەبی ئێران کەوتن و ئەمریکاش زۆر بۆی گرنگ نییە چونکە تا ئێستاش بەرژەوەندی ئەمریکا و ئێران دوای جەنگ سەدان جار گەورەترە لە بەرژەوەندی ئەمریکا و هەرێم ، وە بۆ هەردوو وڵات ئێران و ئەمریکا بەغدا زۆر گرنگترە لە هەرێم ، دوای ئەمانەش واژۆکردنێکی غاز لە کاتێکی نادروستا هێندەی تر دۆخی هەرێمی خستە ناو گێژاوی بەریەککەوتنەکانی ناوچەییەوە .

دەرەنجام هەموو ئەم سەرکێشی زیادەڕەوییانە هەرێمی خستە نێوان مەنگەنەی وڵاتانی ناوچەوە ، لە ئێستادا چەکدانانی پەکەکە و ڕادەستکردنی نەوت و داهات گەڕانەوەی هەرێمە بۆ ناو چوارگۆشەی یەکەم و پێش بەیانی یانزدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە دەبێت هەرێم بزانێت ئێستا دۆخی چۆنە ، هەر هەڵوێستێک دژ بەم دۆخە دەبێتە هۆی خراپی دۆخی هاووڵاتییانی هەرێم وەک لە ئێستادا دۆخی موچە دەبینین ، لە بەرامبەردا لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا کورد نەیتوانیوە خاوەنی کارگێڕ یەکی دەوڵەتداری بێت و ژێرخان و سێکتەرەکانی تری دەرەوەی سامانە سروشتییەکان پەرە پێ بدات ، سێکتەری کشتوکاڵ کە زۆر گرنگە وە لاوە نرا و پیشەسازی و گەشتوگوزار گرنگی پێ نەدرا و تەنیا پشت بە داهاتی نەوت بەسترا ، سەرەڕای ئەمانە کێشەکانی ژینگە و کەشوهەوا کە هەرێم ناتوانێت بەرگەی وشکە ساڵی بگرێت دروست دەبێت ، هەموو ئەمانە کەڵەکەبوی مێژوون و ئێستا لێکەوتەکانی دەردەکەوێت ، هەرێم لەبەردەم چەکدانانی پەکەکە و ڕادەستکردنی نەوت و داهات بەرەو دۆخێکی تەواو خراپ دەچێت وەک خۆشیان زۆر جار ئەم ڕاستیانە دەڵێن ، دواجار هەرێم دەبێت بە ناچاری مل بە داخوازییەکانی بەغدا بدات بە پێی مەنتیقی هاوکێشەکان ، گرنگە هەرێم لەناو هاوکێشەی وڵاتانی ناوچە و جیهان ببێتە خاڵی کۆکەرەوەی بەرژەوەندی هاوبەشیان لەسەر دۆسییەکانی هەرێم و کار لەسەر بەهێزبوونی پێگەی خۆی بکات لە بەغدادا.

# دەست و خەتی مەرگ

## ئازاد مارف

بۆ ئەوەی بۆت بسەلمێنم کە من چۆن تۆ لە نێو ڕۆحی لاوازما ئەلاوێنم
هەستام سنگی خۆمم شکان...هەموو عومری خۆمم دۆڕان
دێڕ دێڕ دەروونم دەرهێنا... هەر وشەیەک لە تۆ دور بوو
هەر هەموویم پێکەوە سوتان
بڕیارمدا ئیتر بە پەنجە و خەیاڵم هیچ نەنووسم
لەسەر نیگای خۆم ڕاوەستم...تا ویژدانم دێتە زمان
ئەو شیعری وەهای ئەنوسی...ناخم پڕ ئەبوو لە گریان
بەڵام ئەفسووس هیچ خەونی سەر تازە دێڕێکی شیرینی
یەک تاڵ لە هەستی ناسکی تۆی نەبزوان
هەر هاتم و زیاد لە بوونی خۆم تێپەڕیم...هاوارم ئەستێرەی شکان
ئاسمان تۆرا...ڕۆژگار سەری ڕازیبوونی بۆ هەڵنەبڕیم
عومرم لەبەر پێما ڕژا...زەمەن نمەیە فرمێسکی بۆ نەسڕیم
هەر هاتم و دەمم بۆ خۆزگەیە کەوتوی لاڕێیەکی ژیان نەبرد
عەشقی تۆ پاسەوانم بوو...سێبەرت دەسگیرانم بوو
بۆیە هەرگیز دەسکاری ڕوومەتی سوری سێوێکی حەرامم نەکرد
خۆمم بە شەرمی نەخشینی تۆ داپۆشی...هەوای ئارەزوم بەستەوە
عەزابی شەوگارم نۆشی
دڵی مەحاڵم دەرهێنا...لەسەر کۆپلەی شیعر دامنا
جگە بە لێوی خەڵکەوە لە خۆم نەمدی کۆکتێلێ لە شادی و خۆشی
چەند چرکەیە لە تۆ دورم بۆ نەگیرا...نەشکەوتمە دەریای مەنگی بێئاگایی
هیچ بۆ خواستی من ڕووینەدا...دەستم لە چاوەڕوانی خۆم بۆ بەرنەدرا
سەیرکە چۆن من لە داخا بووم بە پەڕوپۆی تەنیایی
وەرە دەردم بخوێنەوە...هەقم لە خۆت بسێنەوە
ئەی شکۆی عومری درێژم...ئەی تاجی سوری تەلایی
ئەی چیرۆکە ئەبەدیەکەم...ئەی نوری هەتا هەتایی
تۆ نەبی کێی تر ئەتوانێ شەوی سەر نیگام بسڕێ
تۆ نەبی کێی تر ئەتوانێ مسقاڵێ بێدەنگیم بکڕێ
تۆ نەبی کێی تر ئەزانێ شیکاری بۆ سەبرم بکا
تۆ نەبی کێی تر ئەزانێ نمەیە ئاخی شاراوە لە نێو ڕۆحما دەربکا
وەرە نهێنی تەمەنم...ڕازی شیرینی زەمەنم
خۆت بەنێو دڵما بگەڕێ...نەبا خەیاڵ لە پەنجەرەیە ترەوە سەیری زستانێ تر بکا
لە نێو سپێدەی بەختێکا سۆز و نازت تێکەڵ بکە
بەردەوام بملاوێنەوە...نەبا ڕاڕاییم بڕوێ و سەری گومانم سپی کا
وەرە با لەسەر دوو کۆپلە دانیشین...کەمێ لە یەکتر بنۆشین
با زەمەن چۆن ئەڕوا بڕوا...با یەکتری بە شیعری شیرین داپۆشین
با چاومان لە ئاسمان نەبێ...با ئاخێ تر بۆ بەسەرچوون هەڵنەکێشین
وەرە با هەر وەکو جاران سرودەکە بڵێینەوە
بە باڵی خوێناوییەوە دەستی یەکتری بگرین
بەسەر برینا هەڵفڕین...لە ژێر بۆنی ئەم دێڕە گەوهەریانەدا
وەرە با پێکەوە بمرین
هەموو شتێ خەسار ئەبێ...تەنانەت بەردیش ئەمرێ
هەر دوو ئەژنۆی زەمەن ئەشکێ...کەون بە دوکەڵ ڕەش ئەبێ
هەر من و تۆ لە نێو سەمای ئەم چیرۆکە بۆ ئەبەد ئەمێنینەوە
کتێبی سەوزی نەمری بە مەرگ ئەنوسینەوە.






ئێمــە ڕابــردوو جێدەهێڵین... و پێشوازی لە داهاتــوو دەکـەین
لەگەڵ تاوەرەکانی E2 - E1 لە چوار چرای نوێ

ئەم دوو بـاڵەخانەیە لـەسـەر ڕووبەری ٥٢٣٠ مەتـر چوارگۆشە دروستدەکرێن
باڵەخانەکـان ٥٠٠ یەکـەی نیشتەجێبـوون بە قەبـارەی جیاواز لـەخۆدەگـرێت
هـەریەک لە باڵەخانەکان پێکدێن لە ٣٢ نهۆم کە بە دوو ڕووی جیاواز بەردەستە

New chwar chra residentials

0770 872 5050 - 0770 839 5050
سلێمانی، چوارچرای نوێ، ئۆفیسی سەرەکی، بەشی فرۆشتن

www.tanupoholding.com

باڵەخانەکـانمـان نزیک لـە شەقامی بازنەی مـەلیک محمود نـەخشێنراوە

بـاڵەخانەکانمـان لە چوارڕێیانی تۆفیق وەهبی هەڵکەوتوون کە ٥ خولەک دورە لە سەنتەری شـار

پـرۆژەکەمان ١٥ خولەک لـە فرۆکـەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیەوە دوورە

باڵەخانەکـان بەشێکن لە پرۆژەی چوارچرای نوێ کە بە یەکێکە لە جوانترین پـرۆژە نیشتەجێبوونە کـان لە شـاری سلێمانـی، کـە سـەرجـەم پێویستییەکانی ژیانی مۆدێرن لەخۆ دەگرەت

هەمــوو پێداویستیەکـــانـی ژیانــی ڕۆژانـەی تێدایـــە وەک (دایـەنگە، بــازاڕ، پـاریمنداڵانی داخـراو، ڕووبـەری بازرگانی، دووکان)

خزمەتگوزاری ٢٤ کاتژمێری بەردەستە، لەوانە ( سکوریتی، ئاو، کارەبا، وێستگەی تەکسی )

سـەوزای و پـارکی گەورە شوێنی تایبەت بە یاری منداڵ و چەندین خزمەت گوزاری دیکە لـە چوارچـرای نوێ دابینکـراوە

پڕۆژەکەمان مزگەوت و بنکەی تەندروستی و یاریگا و خـوێندنگەی حکومی و ناحکومی لەخۆدەگرێت

باڵــەخانەکانمـــان ٧٥٠ شوێنـی وەستـانـــی ئۆتۆمبێل لـەخۆدەگــرێت

YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018
sharazwri@gmail.com
009647701961087